
چۆن فەناتیکێک دەرمان دەکرێت
نوسەر: عاموز عوز
وەرگێڕ: رەسول سەفەریانی

ناوی کتێب: چۆن فەناتیکێک دەرمان دەکرێ

**ناوی نووسەر:  عاموز عوز**
**ناوی وەرگێڕ: رەسول سەفەریانی (لە سویدییەوە)**
**چاپی یەکەم**
**چاپخانەی:**
**ژمارەدەی سپاردن:**

## چۆن فەناتیکێک دەرمان دەکرێ

چۆن دەبێت ئینسان فەناتیکێک دەرمان بکات؟ ئەوەی کە گروپێکی فەناتیک لە کێوەکانی ئەفغانستان بگریت شتیکیە، ئەوەش کە لەگەڵ فەناتیسم بەربەرەکانێ و دژایەتی بکەیت شتێکی ترە. بەداخەوە من هیچ رێنوێنییێکم نییە بۆ ئەوەی کە چۆن فەناتیکەکان لە کێوەکاندا بگرن، بەڵام من بیرۆکەی تایبەتم هەیە لەسەر سرشت و خو و خدەی فەناتیيسم و ئەوەی کە چۆن لانی کەم بکرێت جڵەوی بگریت، ئەگەر نەکرێت دەرمانی بکەیت.

هێرەشەکەی یازدەی سێپتەمبەر بۆ سەر ئەیالەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا، باسی شەڕی فەقیر و دەوڵەمەند نەبوو. شەڕی نێوان فەقیری و دەوڵەتمەندی گرینگترین موشکڵەی ئەمڕۆی دونیایە، بەڵام ئەمە هەڵەیەکی گەورە دەبێت ئەگەر ئێمە وا بیربکەینەوە کە هێرشی یازدەی سێپتەمبەر تەنیا هێرشی هەژاری بوو بۆ سەر خاوەن سامانەکان. ئەمە تەنیا لە خانەی دارا و نەداردا ناگەرێت.

ئەگەر ئاوەها سادە و ساکار بایە، دەبوا پاش ئەمە چاوەروانی هێرشی برسیترین ئینسانەکانی ئەفریقا بۆ سەر وڵاتی دەوڵەمەندی وەک عەرەبستانی سەعودی و وڵاتانی دەوڵەمەندی خاوەن نەوتی قەراخی کەنداوی فارس بوایەتین. نا، ئەمە شەڕی ئەو فەناتیکانەیە کە باوڕیان بە ئامانجێک هەیە، جا هەر ئامانجێک بێت، لە گەڵ ئێمە باقی ئینسانەکان کە بڕوامان وایە ژیان ئامانجە نەک کەرەسە. ئەوان پێیان وایە کە ئەو ئامانجە شێوە و کەرەسەی گەیشتنیش پیرۆز و رەوا دەکات و ژیانیش کەرەسەیەکە. ئەمە شەڕێکە لە نێوان ئەوانەدا کە بڕوایان وایە عەداڵەت و دادوەری جێبەجێ دەکەن، جا دادوەری لە لای ئەوان چی بێت، لەگەڵ ئێمەدا کە خودی ژیان بەرزتر و فەرزتر لە دونیای دوارۆژ و هەمو باوەڕ و بیرێک و ئایینێک دەزانین. ئەم قەیرانەی ئێستا لە دونیادا و لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە نێوان ئیسرائیل و فەلستیندا پێوەندی بە بایەخە ئیسلامیەکانەوە نییە و ناچێتە ئەو بازنەوە. ئەمە ئەوجۆرە کە بڕێک لە رەگەزپەرەستەکان دەیڵێن نییە و بە هیچ جۆرێک ناگەڕێتەوە بۆ شێوازی بیرکردنەوەی عەرەبەکان و پێوەندی بە ئەقلییەتی عەرەبیەوە نییە. ئەمە دریژەی هەر ئەو شەڕە کۆن و دێرینەی نێوان فەناتیسم و پراگماتیسمە (کەڵکپەرەستی). شەڕی نێوان پەڕگیری (فەناتیسم) و کۆگەراییە (پلورالیسم)، شەڕی فەناتیسمە لەگەڵ پێکەوە هەڵکردن و تەحەمولی یەک کردنە (تولەرانس). رووداوی یازدەی سێپتەمبەر تەنانەت لەسەر

چاک یان خراپ بوونی ئەمەریکا نییە، نایشگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە سەرمایەداری جێی رق لێبونە یان نا، یان بەدونیایی بوون دەبێت کۆکرێتەوە و بەس کرێت یان نا. بەڵکو ئەمە پێوەندی بە جۆری بۆچون و ئیدیعای فەناتیکانەوە هەیە کە دەڵێت ئەگەر من پێم وابێت شتێک خراپە، دەبێت ئەو شتە بە خۆی و دەوروبەرەکەیەوە لەناو بەرم.

فەناتیسم لە ئیسلام پیرترە، لە مەسیحییەت و یەهودیەتیش بەتەمەنترە. کۆنتر لە هەر دەوڵەت و رژیم و هەرچەشنە سیستەمێکی سیاسیە، لە هەمو ئیدئولۆژییەکانی دونیاش کۆنترە. بەداخەوە فەناتیسم یەکێک لە یەکەکان و ئەجزای هەمیشە ئامادەی سرشتی ئینسانە. ژێنێکی خراپە و ئامادەیە لە سرشتی ئینساندا ئەگەرهەر کاتێک ئینسان بیهەوێت. ئەوەی کە لە ئوروپا مزگەوت دەسوتێنێ یان گڕ لە کنشت و پەرستگای جولەکە بەردەدات، ئەوەی کە بنکەکانی لەباربردنی منداڵ لە ئەمەریکا دەتەقێنێتەوە، جیاوازییێکیان لەگەڵ بنلادەن نییە لە باری تاوانەوە، بەڵکو تەنیا شکلی تاوانەکەیان فەرق دەکات. کارەساتی یازدەی سێپتەمبەر بێگومان هەستگەلی وەک، خەم، توڕەیی، بێ باوەڕی، سەرسوڕمان، پەژارە، ناباوەڕی وە هەروها بڕێکیش کاردانەوەی رەگەزپەرەستانەی دژە عەرەب و دژە ئیسلامی بزواند. کێ باوەڕی دەکرد کە سەرەتای سەدەی بیست ویەک بە روداوێکی وەها دەستپێبکات ودوای ئاسەواری ئەوە بکەوێت؟

تێپەڕاندنی تەمەنی منداڵیم لە شاری ئورشەلیم منی کردوەتە پسپۆڕێک و هەڵسەنگێنەرێک لە بواری فەناتیسمدا. ئورشەلیمی منداڵی من، لە ١٩٤٠ ەکاندا، پڕ بوو لە پێغەمبەرانی بی وەحی و رزگاریدەرانی ریایی. لەمڕۆ خراپتر هەر کام لە خەڵکانی ئورشەلیم خاوەن هاوکێشەیەکی شەخسی بوو بۆ رزگار کردن و دەرباز بوون. هەموو ئەڵێن کە ئەوان دێن بۆ ئورشەلیم ـ من ئاماژەم بە گۆرانییەکی کۆنی ناسراوە ـ کە ئەوان دێن بۆ ئورشەلیم کە شار سازکەنەوە و بەم شێوە ورەی خۆیان بەرز کەنەوە. هەندێک لە جووەکان، مەسیحییەکان، موسڵمانەکان، سوسیالیستەکان، ئانارشیستەکان و ئایدیالیستەکان زۆرتر بۆ ئەوە نەهاتن بۆ ئورشەلیم کە شار ساز بکەنەوە یان بەم شێوە ورەیان بەرز کەنەوە، بەڵکو بۆ ئەوە هاتن کە دواتر لە خاچ بدرێن یان لە خاچ بدەن یان هەردووکی. لێرەدا سەرلێشێواوییێکی رۆحی هەیە، جۆرێک نەخۆشینی هەستی هەیە کە پێدەوترێ سیندرومی ئورشەلیم. "ئینسانەکان دێن بۆ ئورشەلیم، لە هەوای خۆش و دڵپەسەند و خاوێنی ئەو کێوانە هەڵدەمژن و پاشان لەپڕدا رێگە دەگرنە بەر و دەچن گڕ لە مزگەوتێک یان کەنیسەیێک یان سیناگوگێک بەردەدەن. یان هەر وەها بە ئاسانی جلەکانی بەریان دەردێنن، بە تاشەبەردەکاندا سەردەکەون، دەست بە پێغەمبەری دەکەن. کەسیش قەت گوێی لێیان نەگرتوە، حەتتا ئێستاش، بە ئورشەلیمی ئەمرۆشەوە، لێرە دەکرێت چاوەرێی ئەوە بکەیت کە هەموو سەرەی پاسەکان لەپڕدا بە تەواوەتی

ڕەنگی سمینارێکی شەقامی بەخۆوە بگرێت کە لەوێدا کەسانی نەدی و نەناس لەسەر سیاسەت، ئەخلاق، ستراتێژی، مێژوو، ناسنامە، ئایین و مەبەست و ئامانجە ڕاستەقینەکانی خودا، بە درێژی باس و دەمەتەقێ دەکەن.هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە لە بنی سەرەکەدا ڕاوەستاوی، دەکرێت کە ئانیشکت ڕاوەشێنیت و بەدەنگی بەرز لە وەها سمینارێکی شەقامیدا بەشداری بکەیت و لەسەر سیاسەت و ئایینناسی یان چاک و خراپ و دەیان شتیتر دەمەتەقێ بکەیت. هەموی بەدەنگی بەرز هاوار دەکەن، کەس گوێ لەکەس ناگرێت. جگە لە من. من جاروبار گوێ دەگرم و بەم شێوە بژیوی ڕۆژانەم پەیدا دەکەم.

چۆن ئینسان دەبێت هەڵسوکەوت لەگەڵ کەسێک بکات کە لە نیشانەیێکی سەرسوڕمانی ڕاوەستاو لەسەر دوو پێ زیاتر لە هیچی کە ناچێت؟ چۆن دەکرێت بەر بەوکەسانە بگریت کە لە هیچ خۆ ناپارێزن؟ فەناتیسم زۆرجار گرێدراوە بە دۆخی ناهومێدییێکی قوڵەوە: ئەو کاتەی کە ئینسان وا هەست دەکات کە جگە لە شکست و ژێرکەوتن شتی کە نییە، سوکایەتی و بێبایەخی ئەتوانێت ئینسان بخاتە نێو شێوەگەلی جۆراوجۆری توند وتیژی دەست بێ هیوایی. تەنیا ڕێگای بەرگری لە ناهومێدی وەشاندنی هیوایە ـ لەوانەیە ئەم ڕێگا فەناتیستەکان نەگرێتەوە، بەڵام بۆ کەسانی بە ئاوەز و ئاقڵ کاریگەر دەبێت. لەو دیوی دونیای کامێراکانی CNN وە کە تەنیا فەناتیکە دەنگ بەرزە کانی

سەر شەقامەکان پیشان دەدات، کەسانی ئاقڵیش هەن کە هاوکات کە توندرەوەکان خەریکی شەڕ و هەران لە مەیدانەکاندا، بێدەنگ پەنجەرەکانیان دادەخەن و نینۆکی خۆیان دەجون. کە هیوا ساز بکرێت، کەسانی بە ئاوەز دێنە پێش وئامادە بوونی بەرچاو پیشان دەدەن. من بە دڵنیاییەوە دەڵێم کە لە هەموو کۆمەڵگایەکدا ئەوە چینی ئەقڵگەرایە کە لە ئاست و دۆخی وادان کە دەتوانن جڵەوی بونیادگەراکان بگرن. ئیسلامی مامناوەندە کە دەتوانیت جڵەوی فەناتیسمی ئیسلامی بگرێت. ناسیونالیستی ماقول و مامناوەند تەنیا هێزێکە کە دەتوانێت جڵەوی فەناتیسمی ناسیونالیستی بگرێت. ئەگەر لە رۆژهەڵاتی ناوەراستیش هەر وەک شوێنەکانیتر، مامناوەند و ئاقڵەکان بوێرن دژی فەناتیسمەکان خەبات بکەن، ئەوکاتە ئینسان ئەتوانێت هەست بە هیوای دیار بۆ چارەسەری موشکلەکە بکات و شەرایەتی باشتر بێتە ئاراوە. کەوابوو دەبێت ئینسان سەرەتا بەسەر بێهیواییدا زاڵ بێت پاشان جڵەوی فەناتیسم بگرێت.

من خۆم دەبێت دان بەوەدا بنێم کە لە منداڵیدا لە ئورشەلیم فەناتیکێکی بچکۆلەی مێشک شۆردراوە بووم. خۆ بەراست زان، شۆڤینیستانە و کەڕ و کوێر بە نیسبەت هەموو ئەو باس و بابەتانەی ئەوسەردەمەی کە جودابوون لەگەڵ باس و بۆچونەکانی یەهودی ـ سەهیونیستی. من منداڵێکی قۆچەقانێ بەدەست، منداڵێکی ئینتیفازەی یەهودی بووم. یەکەم وشەگەلێکی ئینگلیسی جگە لە yes و no کە فێر بووم

"بەریتانیایی بڕوە ماڵی خۆت" بوو کە ئێمە منداڵە یەهودیەکان دەمانگوت کاتێک کە بەردمان دەخست بۆ هێزەکانی بەریتانیا لە ئورشەلیم. دەربارەی مێژووی تەوس و ساتیر لە رۆمانەکەمدا لە ساڵی ١٩٩٥ بە ناوی "پڵەنگ لە ژێر زەمین" یان "پلەنگی ژێر زەمین" باسم کردوە کە چۆن کوڕەکە، کە لەقەبی خراپی *پروفی* لەسەرە، لانی کەم تا رادەیەک واز لە هەلوێستی فەناتیکی و شۆڤێنیستی دێنێت وبۆ ماوەی دو حەوتو دەگۆڕدرێت، توشی شۆکێک دەبێێت و بەوە دەگات کە هەموو شتێک رێژەییە. بە هەڵکەوت و شاراوە لەگەڵ یەکێک لە دوژمنان، ئەفسەرێکی پۆلیسێ زۆر مێهرەبان و ناکاریگەری بەریتانیایی دەبێتە هاوڕێی. کوڕەکە و پۆلیسەکە بە نهێنی یەک دەبینن و پێوەندیان دەبێت. یەکتر فێری زبانی ئینگلیسی و عیبری دەکەن. هەروەها کوڕەکە تێدەگات کە ژنان نە شاخیان هەیە و نە کلک، ئەمە هەر بەو ئەندازە وەحی ئاسا و دڵداخەر بوو بۆی کە تێگەیی نە ئینگلیزییەکانیش کلک و شاخیان هەیە و نە عەرەبەکان. ئەمە دوودڵییێک لە کوڕەکەدا دروست دەکات و دەبێتە هۆی ئەوەی کە واز لە بۆچونی رەشوسپیانە بێنێت، بەڵام نرخی ئەم تێگەیشتنە بۆ کوڕەکە ئەوەیە کە لە کۆتایی رۆمانەکەدا تێدەگات کە ئیتر منداڵەکەی جاران نییە و ئێستا ئیتر گەورە بووە. بەشێکی زۆر لە خۆشییەکان و شەوق و خولیا و خەیاڵاتەکانی ژیانی لەناو دەچن و ون دەبن. لیرەدا من لاپەرەی یەکەمی رۆمانی "*پلەنگی ژێرزەمین*" دێنمەوە، چون

من پێم وا نییە بتوانم وێنەیەک باشتر لەوە لە خۆم وەک فەناتیکێک پیشان بدەم.

من زۆر جار لە ژیانمدا پێم وتراوە خایین. یەکەم جار دوازدە ساڵ و سێ مانگم بوو، لە ناوچەیەکی خانوبەرە (مەنتەقەی مەسکونی) لە بەشێکی قەراخی ئورشەلیم دەژیام. پشوی هاوینی بوو، کەمتر لە ساڵێک پێش ئەوەی دەسەڵاتدارانی بریتانیایی دەسەڵات جێ بهێڵن و شتێک بە نێوی ئیسرائیل لە نێو شەڕەکەدا سەر دەربێنێت.

بەیانیەک ئەم نوسراوە بە خەتێکی ئەستور لە ژێر پەنجێرەی مەتبەخەکەماندا نوسرابوو< " پروفی خائینێکی دڵڕەق" > وشەی " دڵڕەق " ئەم پرسیارە کۆنەی ژیانی لە مێشکی مندا بزواند کە تا ئەمڕۆش کە خەریکی نوسینی ئەم بەسەرهاتەم منی ئەسیری خۆی کردوە: ئایا خائینیش هەیە کە دڵرەق نەبێت؟ ئەگەر نییە بۆچی *چیتا رێزنیک* *( Chita Reznyk)* (ئەوکەسەی نوسراوەکەی نووسیبوو کە من بە دەستخەتەکەیدا ناسیمەوە) خۆی بەوە ماندو کردبو کە وشەی ***دڵرەق*** بخاتە پاڵ ***خائین***؟ ئەگەریش شتی وا هەیە کام خەیانەتە کە دڵڕەقانە نییە؟

من کاتێک کە زۆر بچکۆلەبووم لەقەبی پروفی م پێدراوە. ئەمە کورتکراوەی پرۆفێسورە و دەستپێکی دەگەڕێتەوە بۆ خولیا و ئەشقی زۆری من بۆ لێکۆڵینەوە و تاقیکارییەکانی من لەگەڵ وشە. (من ئێستاش ئاشقی کۆکردنەوە و تێکەڵاوکردن و پێکەوەنوسان و سەروبنکردن

وریزکردنیانم). هەر وەک چۆن کەسانێک خۆشیان لە دراو کۆکردنەوە دێت و رەفتار لەگەڵ ئەسکیناس و سکەکان دەکەن، یان هەروەها ئەوانەی کە حەزیان لە کۆکردنەوەی کارتی یارییە.

کاتێک باوکم سەعات حەوت و نیوی بەیانی چووە دەرەوە کە رۆژنامەکەی بێنێت، نوسراوەی ژێر پەنجەرەکەی ئاشپەزخانەی بینی بوو. لە کاتی نانی بەیانیدا، کە خەریک بوو مرەبای توودرکی دەساوی بە سەر تیکەیەک نانی رەشدا، لەپڕدا چەقۆکەی تا دەستەکەی چەقاندە نێو مرەبای نێو قوتوەکە و لە بارودۆخێکی هەڵسەنگراودا بە تۆنێکی تایبەت وتی: "چ سورپرایزێک! ئەمجار گەورەییەکەی چی خولقاندوە وا دەبێت ئێمە وەها رێزمان لێبگیردرێت؟!"

دایکم وتی: دەست مەکە بە قەڵسی گێرانی بەم بەیانییە زووە، منداڵان کەمی ئازار نادەن نۆرەی تۆیە!.

باوکیشم وەکو زۆربەی پیاوەکانی ئەو گەڕەکە جلی "کاکی" لەبەر دەکرد. لە شێوەی هەلس و کەوت و قسەکانیدا کە وا پیشان ئەدا کە هەمیشە حەق بەوە. دیسان بە کێردەکە پارچەیەکی گەورە مرەبای لە قوتوەکە دەرهێنا و دابەشی کرد بەسەر دوو پارچە ناندا و بە جوانی پانی کردەوە بەسەریاندا و وتی:

"ئەمە راستییەکە کە زۆربەی خەڵک ئەمڕۆ وشەی خایین زۆر بە ئاسانی بەکاردێنن. بەراستی خائین کێیە؟ وایە، خائین تەبعەن کەسێکی بێ شەرەفە. کەسێکە کە لە ژێرەوە و

بە شێوەی نهێنی پێوەندی لەگەڵ دوژمن دەگرێت لەبەر قازانجی شەخسی یارمەتی دوژمن دەدات کە بێنە سەر خەڵکەکەی یان کەس و کار و هاورێیانی. زۆر نفرەتاویتر لە قاتڵێک. لوتف بکە و هێلکەکەت بخۆ، خەڵک لەبرسانا دەمرن لە ئاسیادا."

لە بەشی دواتری ئەم رۆمانەدا خوێنەر تێدەگات کە رەنگە باوکەکە بەتەواوی هەڵەی کردوە: تەنیا ئەوکەسانەی کە خۆشەویستیان پێیە ئەتوانن ببنە خائین. خەیانەت عەکس و دژی ئەشق نییە، ئەمیش یەکێک لە رێگاکانی دەرباز بوونە. خائین ئەو کەسەیە کە گۆڕدراوە لە چاوی ئەوکەسەدا کە ناتوانێت بگۆڕدرێت یان نایەوێت بگۆڕدرێت. ئەوکەسەی کە ناتوانێت بیر لە گۆڕان بکاتەوە، بەڵکو هەمیشە دەیەوێت کەسانیتر بگۆرێت. بە مانایەکیتر لە چاوی فەناتیکەکانەوە خائین ئەوکەسەیە کە دەگۆڕدرێت، بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە کەسەکە کێ بێت. وە هەڵبژاردنی نێوان ئەوەی خائین بیت یان فەناتیک کارێکی بەس دژوارە. ئەوەی کە نەبیتە فەناتیک، تا رادەیەکی زۆر دیاریکراو و لە زۆر حاڵەتدا مانای ئەوەیە کە خائینیت. من ئینتخابی خۆم کردوە و لە رۆمانی " پڵەنگی ژێرزەمین " دا دیارە.

هەر ئێستا من خۆم بە پسپۆری بواری هەڵسەنگاندن و ناسینی فەناتیک نێۆزەدکرد. ئەمە شۆخی نییە. ئەگەر رۆژێک لە رۆژان مەدرەسەیەک یان زانکۆییێک دانراو دامەزراوەیەکی بە ناوی فەناتیک ناسی دانا ئەوکاتە من

داوادەکەم کە وەک مامۆستا لەوێ وانە بڵێمەوە. وەک کەسێکی پێشتر ژیاوەی ئورشەلیم کە نەخۆشی فەناتیکیم چاک کردوەتەوە، هەست بە لێوەشاوەیی و لێهاتویی زۆر لەم ئیشەدا دەکەم. رەنگە ئێستا کاتی ئەوە بێت کە لە هەمو مەدرەسەکان و زانکۆکاندا لانیکەم چەند خول یان کلاسێک تەرخان بکەن بۆ فەناتیک ناسی، چون فەناتیسم لە هەموو شوێنێک هەیە. لێرەدا مەبەستی من تەنیا ئەو بونیادگەرا لە ئاگری شەوقدا سوتاوانەی نێو خۆپیشاندانەکانی سەر شەقامەکان نییە. مەبەستم تەنیا ئەو فەناتیکە بەرچاوانەی سەر شاشەی تەلەفزیونەکان نییە کە بە مشتی گرێ کراوەوە هیستەریکانە لە روبەڕی کامێراکاندا دەقیژێنن و بە زبانی خۆیان، کە ئێمە لێیان حاڵی نابین، دروشم دەدەن. نا تەنیا ئەوانە ناڵێم بەڵکو فەناتیسم لە هەموو شوێنێک هەیە، لە شکڵێکی ئارام و جل و بەرگێکی رێک و پێک دەردەکەون و لە هەموو جێگایەکی دەوروبەرمان، رەنگە لە دەرونی خۆمانیشدا ببێت. لەوانەیە کەسی دژە سیگارم نەبینی بێت کە بیهەوێت کەسێکی زیندو گڕتێبەردات لەبەر ئەوەی ویستویەتی لە لای ئەو جگەرە داگرسێنێت! یان تا ئێستا رەنگە نەمبینی بێت کە سەوزیخۆرێک بیەوێت کەسێکی زیندو بخوات، لەبەر ئەوەی کە ئەو گۆشت دەخوات! یان هەروەها دەربارەی پاسیفیستەکان! هەر لەم بزوتنەوەی ئاشتیخوازانەی ئیسرائیلدا، هاوکاری وام هەیە کە پڕ بەدڵ حەزدەکات بیتوانیایێت کە گوللەیەک بنێ بە نێوچاوانمەوە و من بکوژێت، تەنیا لەبەر

ئەوەی کە من بۆچوونی چیاوازم هەیە بۆ گەیشتن بە ئاشتی لەگەڵ فەلەستینییەکان. لێرەدا مەبەستی من تەبێعەتەن ئەوە نییە کە هەرکەس بە زەرور دەنگی دژی کەسێک بەرزکردەوە ئەوە ئیتر فەناتیکە. یان من قەت ناڵێم کە هەرکەس خاوەن را و بۆچوونی بەقووەت بوو ئەوە بە شێوەی ئاوتومات ئەچێتە خانەی فەناتیسمەوە. ئەوەی من دەیڵێم ئەوەیە کە تۆوی فەناتیسم هەمیشە لە دەرونی " ناسازان " ی خۆ بەحەقزاندا هەیە، ئەو پەتایەی کە دونیای ئەم سەدەی تووش بووە. ئاساییە کە بەدکاری و خراپەش پلەی جۆراوجۆری هەیە. تێکۆشەرێکی خەبات بۆ ژینگە دەتوانێت خۆ بە بەرحەقزانێکی ناسازگار بێت، بەڵام خەسار و زیانی ئەم لە چاوو ترۆریستێک یان ئەوەی کە هەستاوە بە پاکتاویی ئەتنیکی، زۆر کەمتر و بچوکترە. هەر چۆنێک بێت هەموو فەناتیکەکان خاوەن حەز و چێژێکی تایبەتن بۆ شتی کرس و کەواڵ و بێکەڵکە. زۆر جار فەناتیکەکان تەنیا ئەتوانن ژمارەی یەک و دوو بژمێرن و رەقەمیان لە لا زۆر ئاڵۆز و سەختە. بە گشتی ئینسان ئەتوانێ دیاری بکات کە فەناتیکەکان بە عام کەسانی ئێحساسی و بێ هیوان، ئەوان هەستیان پێش عەقڵ و بیریان دەخەن، بۆیە کەمەرگیر و جەزبی مەرگی خۆیان دەبن. ئەوان ئەم دونیا بە سوک دەزانن وزۆر شەوقیان هەیە بۆ گۆڕاننەوەی لەگەڵ دونیای ئاسمانیدا. لای ئەوان دونیای ئاسمانی بە ئەندازەی ئەو وادەی

خۆشبەختی بێکۆتاییەی کە لە سەرەنجام و کۆتایی ئەو فیلمە خراپانەدا دەدرێت روون و ئاشکارە.

ئیزنم بدەن کە تۆزقاڵێک لە بابەتەکە لادەم و داستانێک بگێڕمەوە، ئاخر من فێری لادانم و چاک بوونم نییە، من هەمیشە بە دوای لادانەکانەوە بووگم. یەکێک لە هاوکاران و هاورێ چاکەکانم، رومان نوسی باشی ئیسرائیل، سامی میکائیل، کە لە سەفەرێکدا لە گەڵ شۆفیرێک دەکەونە باس و گفتوگۆ، شۆفیرەکە باس لەوە دەکات کەچەندە بۆ جووەکان گرینگە کە عەرەبەکان لە نێو بەرن. سامی گۆێی بۆ رادەگرێت و پاشان بێ ئەوەی تورە بێت و دەنگ بەرزبکاتەوە و بڵێت: "ئێوە چ ئینسانگەلێکی ترسناکن، ئایا ئێوە نازیستن؟ یان فاشیستن؟" بە عەکسەوە، بڕیار دەدات کە لە رێگایەکیترەوە لەگەڵ شۆفێرەکە رووبەڕوو بێتەوە. پرسیار لە شۆفێرەکە دەکات: "ئێوە کێن کە بیر لە کوشتنی هەموو عەرەبەکان دەکەنەوە؟" کابرای شۆفێر دەڵێت: "مەبەستت چییە؟ ئێمە! ئێمەی یەهودی ئیسرائیلی! ئێمە دەبێت ئەوکارە بکەین! چون هیچ هەڵبژاردە و رێگایەکیترمان نییە، سەیرکە بزانە ئەوان هەموو رۆژێک چی دەکەن دژی ئێمە!"، "بەڵام ئێوە پێتان وایە کە کێ دەبێت ئەم بیرۆکە لە کردەوەدا جێبەجێ بکات؟ پۆلیس؟ یان ئەرتەش؟ یان رەنگە کارگێری ئاگرکوژێننەوەکان؟ یان کارمەندانی نەخۆشخانەکان؟ کێ دەبێت ئەمکارە بکات؟" شۆفێرەکە بڕێک سەری خۆی خوراند و وتی: "من پێم وایە دەبێت بە شێوەی عادڵانە دابەش

بکرێت لەنێوان هەموومواندا، هەرکام لە ئێمە دەبێت چەند دانەیەک بکوژێت." سامی میکائیل کە هێشتا هەرئارامی خۆی راگرتبوو وتی: باشە، گریمان ئێوە تەرخان کران بۆ ماڵێکی چەن قاتی لە ماڵەکانی گەڕەکێک لە شارەکەی خۆتان "حیفا"، ئێوە دەچن دەدەن لەدرگا یان لە زەنگی ماڵەکان یەک لەدوای یەک پرسیار دەکەن: ببورن خاتو یان کاکە، تێدەچێت ئێوە عەرەب بن؟ وە ئەگەر وەڵامەکە ئەرێ بێت، تەقەیان لێدەکەن. کاتیک ئێوە ئیشتان تەواو دەبێت و لێدەبنەوە لەو ماڵانە، رێک ئەوکاتەی دەتانەوێت بڕۆنەوە بۆ ماڵەوە، لەپڕ دەنگێک لە قاتی چوارەمەوە دێتە گوێتان، ئەوە دەنگی منداڵێکی ساوایە کە دەقیژێنێت، ئایا لەو حاڵەدا دەچن و تەقە لەویش دەکەن؟ ئەرێ یان نا؟" ماوەیەک بێدەنگی زاڵ بوو. پاشان شۆفیرەکە دەڵێت بە سامی میکائیل: "بەراستی ئێوە زاڵمن، ئەوە شتێکی روونە." وە ئەم بەسەرهاتە ئاشکرای دەکات، کە شتێک لە سروشتی فەناتیکیدا هەیە کە لە بنەرەتدا لەسەر ئێحساس دانراوە و هاوکاتیش بێ بەشە لە خەیاڵ. گەیاندنی تۆزێک فەنتاسی و خەیاڵ بە ئینسانەکان، دەتوانێت لە سەر فەناتیکەکان کاریگەر بێت و تووشی نادڵنیایان بکات، ئەمەیە کە من هیوام پێی هەیە، هەرچەند بەرتەسک و سنورداریش بێت. ئەمە دەرمانێک نییە کە کاریگەری خێرای ببێت بۆ شەفادان، دەرمانێکی تیمارگەری خێرا نییە، بەڵام دەتوانێت یارمەتیدەر بێت.

هاوریبازی و هاودەنگی، دڵ بۆ شوێنێک لێدان و هەوەسی ئەوەی كە هەموو كەسانیتریش هەمان خواست و هەوەسیان ببێت، هەرچەند مەترسیدارترین نییە، بەڵام یەكێک لە بەربڵاوترینەكانی شكڵی فەناتیسمە. بیر لە فیلمە دڵگیرەكەی Monty Pytho یان هەمان "ژیانی برایان" (life of Brian) بكەرەوە، كاتێک كە برایان روو لە گروپێكی گەورە لە شاگردەكان دەكات و دەڵێت: "ئێوە هەموتان تاكەكەسن!" وە جەماوەرەكە پێكەوە جگە لەیەک كەس، تیكراری دەكەنەوە: "ئێمە هەموومان تاكەكەسین!" ئەو یەک كەسە بە دەنگێكی كز و بە گەوجانە دەڵێت: ـ من نا ـ كە لەلایەن ئەوانیترەوە دەنگبڕ دەكرێت. كاتێک من ئیدیعای ئەوەم كرد كە هاوئاراستەیی و هاودەنگی جۆری نەرم، بەڵام بەرینی فەناتیسمە، دەبێ ئەمەش زیادكەم كە شەخسپەرستی، بە ئیدئال كردنی كەسایەتییە سیاسییەكان یان ئاینییەكان، پەرستنی كەسانێک بۆ درەوشانەوەی ناوبانگیان، ئەتوانێت شكڵێكی بەربڵاوتری فەناتیسم بێت كە باوە. بڕوا وایە كە سەدەی نۆزدە بەم دوو شتە ناسراوە. رژیمگەلی توتالیتەر، ئایدیولۆژیە مەرگهێنەرەكان، شوڤینیسمی روش، شكڵگەلی خەشنی بونیادگەرای دینی لە لایەک و پەرەستنی جیهانی مارادوناكان و مادوناكان لە لایەک. خراپترین بۆچوون لە بەجیهانی بوون رەنگە منداڵانەكردنی ئەم بەرەی ئێستای ئینسان بێت، "ئەم مەدرەسە جیهانییەی كایە "، پڕ لە كەرەسەی یاری (لیستۆک) منداڵان و شتومەک، نوقڵی

مژمژۆکە و شوکولات. تا ناوەراستی سەدەی هەژدە، چەند ساڵێک سەرتر یان خوارتر، ئەمە وڵات بۆ وڵات، قارە بۆ قارەش دەگۆڕدرا، بەڵام دەوروبەری ناوەراستی سەدەی هەژدە لانی کەم سێ پرسیاری سەرەکی هەبوو کە زۆرینەی خەڵکی ئەوسەردەمە دەیانتوانی وەڵامی بدەنەوە: من لە کوێ دەمەوێت بژیم؟ چۆن دەبێت بژێوی خۆم دەربێنم؟ چیم بەسەردێت پاش مردنم؟ دەتوانم بڵێم هەموو کەسێک لە دونیادا تا سەدوپەنجا ساڵ پاش ئەوە دەیزانی کە هەموو ژیانی لەوشوێنە دەبێ بژی کە لێی هاتوەتە دونیا یان لە شوێنێکی دەوروبەری ئەو جێگا، وەک گوندێکی نزیک بە خۆیان. هەمووی دەیزانی کە دەبێت بژێوی ژیانی لەو رێگەوە یان شێوەیەکی نزیک بەوە دەربێنێت کە باب و باپیرانیان ئەنجامیان داوە. هەروەها هەموو کەسێک دەیزانی دونیایەکیتر پاش مردنی چاوەرێیەتی کە باشتر لەم دونیایە، بە مەرجێک ئاگایان لەخۆیان بێت. سەدەی نۆزدە ئەمانە و باقی باوەڕ و قەناعەتە بناغەییەکانی تری هەڵکۆڵی، یان لە زۆر جێگادا رووخاندی. زیانی ئەو قەناعەتانە رێگا خۆشکەر بوون بۆ نیو سەدە دەسەڵاتی بەرجەستەی ئایدیولۆژی خوازی و بووە هۆی ئەوەش کە نیوسەدەی پاش ئەوەش خۆپەرەستی، لەزەتگەرایی و شت ومەک خوازی تێدا لە هەموو کاتێک زیاتر زەقدەبێتەوە. ئەو شۆڕشە ئایدیولۆژیکیانەی کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی ناوبراودا رۆیدا، بەم فرموڵە هەڵخلەتێنەرەوە رویدەدا کە < " بەیانی لەمڕۆ باشتر دەبێت ـ

ڕێگەمان بدەن با ئەمڕۆ شتێک قوربانی بکەین" > ئەوەندە ئیزنمان بدەن با ئینسانەکانیتریش ئەمڕۆ ناچار بە قوربانی دان بکەین، تا بەم شێوە لە داهاتوودا بەهەشتێک بۆ منالّەکانمان بە میرات بدەین. لە دەوروبەری ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا، ئەم هەلویست و بۆچوونە جێگەی خۆی دا بە فکری گەڕان بە دوای خۆشبەختی خێرا و یەکسەردا، نەتەنیا وەک ئەو مەتەڵە کۆنەی کە دەڵێت کۆشش بکە بۆ وەدەست هێنانی خۆشبەختی، بەڵکو ئەمان دەڵێن کە خۆشبەختی لەبەر چاوە شوشەی پەنجەرەکەتدایە، تەنیا شتی پێویست ئەوەیە کە تۆ دەوڵەمەند بیت و بتوانیت بیکڕێت. ئەم تێگەیشتنە <خۆشبەختی لە هەموو ڕۆژەکانیاندا> خەیاڵی خۆشبەختی بە بەردەوامی، خۆی لە خۆیدا پارادوکسێکە. یان نەگۆڕی و بەردەوامی، یان دواپلە بوون و کۆتایی. خۆشبەختی هەمیشەیی خۆشبەختی نییە، هەروەک چۆن چێژی (ئیرزابوونی) بەردەوام ئەسڵەن چێژ نییە

قووڵترین حەزی فەناتیکێک ئەوەیە کە کەسێک ناچار بکات کە بگۆردرێت، ئەمە ئەو حاڵەتە عادیانەش دەگرێتەوە کە حەز بکات جیرانەکەی باشتر بکات یان نەزم بە هاوسەرەکەی ببەخشێت، یان شکل و فورم بە منداڵەکەی ببەخشێت یان ئیزن نەدات کە براکەی بۆخۆی بژی بەڵکو بۆ باشتر کردن بیگۆرێت. فەناتیکەکان خۆنەویستترین کەسەکانن. ئەوان نەوع دۆستێکی گەورەن. زۆرجار ئەوان ئینترێسە و سەرنجیان بۆ تۆ زۆرترە تا بۆ خۆیان. ئەوان

دەیانەوێت کە رۆحی تۆ رزگار بکەن، ئەوان دەیانەوێت کە تۆ رزگار بکەن، دەیانەوێت کە تۆ لە گوناه و لە خەتا، لەرەش بوون، لە بێباوەڕی یان لەباوەڕی غەڵەت بەدوورت کەن. دەیانەوێت شێوەی خواردنت چاکتر بکەن یان عادەتی خراپت بە خواردنەوە خراپەکان و شێوەی دەنگدانت دەرمان بکەن. فەناتیکەکەکان بەراستی بیر لە تۆ دەکەنەوە و تۆیان بۆ گرینگە، ئەوان تۆ سەر دەبڕن یان دەت خنکێنن لەبەر ئەوەی کە تۆ وەک نفرەت لێکراوێکی بێدەرمان و چاکی هەڵنەگر دیتە بەرچاوو، بۆیە ئەوان لەبەر خۆشەویستی تۆ بۆ رزگار بوونت لەو دەردە وات لەگەڵ دەکەن. وە ئەمەش لەهەر حالدا لە روانگەی توپوگرافیانەوە فەرقی نابێت کە سەر ببرێیت یان بخنکێندرێیت. بەو هۆیەی کە فەناتیکەکان خۆناسییان زۆر لاوازە یان ئەتوانین بڵێین کە هەر نییانە، سەرنجیان زۆرتر بۆ کەسانیترە و ژیان و چارەنوسی ئەوانیان لە هی خۆیان لا گرینگترە. وا نییە کە بڵێین 'بین لادەن" و هاوبیرەکانیان رقیان لە رۆژئاوایە. ئەمە هەروا سوک و ئاسان نییە. بەڵکو من بڕوام وایە کە ئەوان دەیانەوێت کە رۆحی ئێمە رزگار بکەن، ئەوان دەیانەوێت کە ئێمە لە بەها خەتەرناکەکانمان دوور کەنەوە، لە ماتریالیسم، لە پلورالیسم، لە دەموکراسی، ئازادی بەیان، ئازادی ژنان... وە زۆر شتیتر لەمانە، کە زۆر خراپن بۆ تەندروستی ئێمە و ئیسلامییە بونیادگەراکان پێ دادەگرن لەسەریان. بە دڵنیاییەوە ئامانجی راستەوخۆی "بن لادەن" ئەمەریکا نەبوو، بەڵکو ئامانجی راستەوخۆی ئەو

گۆڕانی مەعقولەکان و موسڵمانە پراگماتیسکەکان بۆ موسڵمانی باوەڕمەندی لە جۆری خۆیانە. بە گوێرەی تێگەیشتنی "بن لادەن" ، بەها ئەمەریکییەکان، بونەتە هۆی کز بوونی ئیسلام، بەڵام بۆ دیفاع لە ئیسلام پێویست ناکات کە شەڕی روبەڕو بکەین لە گەڵ دونیای غەرب و لێیان بدەین. بەڵکو دەبێت وردە وردە ئایینی غەرب نە تەنیا بەرەو ئیسلام، بەڵکو بەرەو ئیسلامێکی زۆر توند و بونیادگەرایانە و بە زەبر و وشک بگۆڕین. ئەمە لەوانەیە بۆ ئێمە چاک بێت. لە ئەسڵدا "بن لادەن" ئێمەی خۆش دەوێت. یازدەی سێپتەمبەر کارێک بوو لەسەر خۆشەویستی و عشق. ئەو ئەمەی بەس لەبەر قازانجی ئێمە کرد، ئەو دەیەوێت ئێمە بگۆڕێت و رزگارمان بکات. زۆر جار ئەو جۆرە شتانە لە ماڵەوە دەسپێدەکات. من پێم وایە فەناتیسم لە ماڵەوە دەست پێدەکات. ئەمانە لەماڵەوە و رێک لەو غەریزە زۆر عادییەوە کە دەیانەوێت عاشقێکی زۆر نزیک بگۆڕن تا دەست لە خۆشەویستی هەڵبگرێت چۆن پیان وایە ئەمە بۆ ئەو چاکترە. ئەمە لە قوربانی کردنی غەریزەی عاشقێکەوە کە زۆر جیرانەکەی خۆش دەوێت دەست پێدەکات، لەم خواستەوە دەست پێدەکات کە بە منداڵەکەت بڵێی "تۆ دەبێت وەک من بیت، نەک وەک دایکت" یان "تۆ دەبێت وەک من بیت نەک وەک باوکت" یان "تکایە وەک دایکت و بابت مەبە." یان ژن و مێردێک بە یەک دەڵێن: "تۆ دەبێت خۆت بگۆڕی، دەبێت وەک من بیر بکەیتەوە و شتەکان بەوجۆرە ببینیت کە من

دەیان بینم، ئەگینا ژیانی هاوبەشیمان باش ناچێتە پێش". زۆر جار ئەمە بە داوا کردنێک لە کەسێک دەست پێدهکات کە وەک کەسێکیتر بژی. دەست لە خۆت هەڵبگریت بۆ ئەوەی ژیان بۆ کەسێکیتر ئاسانتر بێت، یان بەرەی داهاتو باشتریان بۆ بگەڕێت. خۆ فیدا کردن زۆرجار لەگەڵ ترسێکی زۆر لە گوناە دێت و بەم شێوە دەکرێت وەرگرەکە بگۆریت یان بیخەیتە ژێر کونترۆڵەوە. ئەگەر من ناچار بوایەتم کە لە نێوان دوو شکڵی کلیشەیی قسەی دایکان هەڵبژێرم کە لەم شۆخییە ناسراوە یەهودییەدا، کە بە منداڵەکەیان دەڵێن " خواردنەکەت بخۆ ئەگینا دەتکوژم." یان ئەمەی کە دەڵێت: "نانەکەت بخۆ ئەگینا خۆم دەکوژم." بێ شک لە دوو شتی خراپدا ئەوەیان کە کەمتر خراپە هەڵمدەبژارد. ئەبێ بڵێم کە باشترە خواردنەکە نەخۆیت و بمریت باشترە لەوەی کە خواردنەکەت نەخۆیت و باقی ژیانت هەست بە ئازار و گوناحت لەگەڵ بێت.

ئێستا ئیزن بدەن سەیری رۆڵ و دەوری رەشی فەناتیک و فەناتیسم لە ناکۆکی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین، ئیسرائیل و بەشێکی گەورەی دونیای عەرەب بکەین. لە ئەسڵدا دەبێ بڵێین کە کیشەی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل بە شەڕێکی نێو خۆ ناوزەد ناکرێت کە لە نێوان دوو بەش لە یەک جەمعییەت یان شەڕی نێوان دوو خەلکی یەکسان یان هاوکلتور بێت. ئەمە کێشەیەکی ناوخۆیی نییە بەڵکو کێشەیەکی نێونەتەوەییە. دەبێ بڵێم بە خۆشییەوە، ئەمە

کێشەیەکی نێونەتەوەییە، چون چارەسەری کێشە نێونەتەوەییەکان ئاسانترە تا کێشەگەلی نێوخۆیی، یان شەڕی ئایینی، شەڕی تەبەقاتی، شەڕی ئەرزش و بەهاکان. من دەڵێم ئاسانترە، نەک ئاسان. لە ئەسڵدا شەڕێکە لە نێوان ئیسرائیلییە یەهودیەکان و فەلەستینیە عەرەبەکاندا نەک شەڕێکی ئایینی، ئەگەر چی فەناتیکەکانی هەردوو لا هەوڵێکی زۆر ئەدەن کە شەڕەکە بکەنە شەڕێکی دینی. گرینگترین شت ئەوەیە کە ئەمە شتێک نییە جگە لە کێشەیێکی ئەرزی لەسەر ئەم پرسیارە پڕئازارە " وڵاتی کێ؟" ئەمە کێشەیەکە لە نێوان حەق و حەقدا، لە نێوان دوو ئیدیعای زۆر بەهێز و قەناعەت پێهێنەر لە سەر یەک خاک. ئەمە جۆرێ شەڕی ئاینی یان کلتوری یان جۆرێ دووبەرەکی و ناتەبایی لە نێوان دوو نەریت دا نییە، بەڵکو ململانێیکە لە سەر ئەوەیە کە ئەمەماڵی کێیە، کە من بڕوام وایە کە قابیلی حەل بوونە. من پێشتریش وتم کە تا رادەیێک بڕوام وایە کە خەیاڵ و فانتاسی دەتوانێت تا رادەیەک بەرهەڵستداری (مەسونییەت) ببەخشێت لە بەرانبەر فەناتیسمدا. ئەوکەسەی کە بیر بکاتەوە کە باوەڕەکانی چ رێگا و دەستورێکیان پێیە بۆ ئەو کاتەی کە باس لە منداڵێکی نێو بێشکە لە قاتی چواردا دەکرێت، وەها کەسێک بەدڵنیاییەوە کەمتر رەق و یەکدەندە دەبێت لە فەناتیسمەکەیدا و ئەوەش لەخۆیدا یانی باشتر بوون. خۆزگا دەمتوانی کە لەم پێوەندیەدا بڵێم کە ئەدەبیات بۆ ئەم مەبەستە باش ئەتوانێت کاریگەر بێت، چون ئەدەبیات خوێنەرەکەی

رادەکێشێت بۆ دونیای خەیاڵ و فانتاسی و ئەتوانێت دژە ژەهرێک بۆ فەناتیسم لە ئینساندا دروست بکات. خۆزگا بمتوانیبایێت ئەمەم وەک نوسخە بدایەت کە: ئەدەبیات بخوێننەوە تا فەناتیسمتان چاک بێت. بەڵام بەداخەوە کە ئەمە هەروەها ئاسانیش نییە. بەداخەوە گەلێک شێعر و داستان و وتار و نوسراوەی ئەدەبی هەن کە لە درێژایی مێژوودا بو هەڵخراندنی قین وهەستی نەتەوەگەرایی و تەنیا خۆ بە بەرحەق زانین نوسراون. سەرەڕای ئەمەش ئەتوانین بڵێین کە بەشێکیش ئاسەوار و نوسراوەی باش و بەکەڵک هەن کە تارادەیەک ئەتوانن یاریدەر بن. ئەوانە ناتوانن موعجیزە بکەن بەڵام دەتوانن یارمەتیدەر بن. بۆ نمونە نوسراوەی شاکسپیەر دەتوانێت یارمەتی گەورە بدات. هەموو فورمەکانی توندرەوی و فەناتیسم، هەموو شەڕێکی خاچپەرەستانە دوور لەسازان، لە لای شاکسپیەر بە ئەنجامێکی کومێدی یان تراجیدیا دەگات. دەمارگیر (فەناتیک) قەت ئەنجامێکی سەرکەوتوو یان رەزایەتمەندانەی نابێت، یان دەمرێت یان شەرمەزار دەکرێت. ئەمە واکسیناسیونێکی چاکە. "گوگول" یش (نیکۆلای گۆگول) دەتوانێت کەلکی لێوەربگیردرێت. گوگول خوێنەری خۆی وشیارانە بەوە دەکاتە گریان کە ئێمە چەندە کەم دەزانین، حەتتا ئەو کاتەی کە 100% بڕوامان بە حەق بوونی خۆمان هەبێت. گوگول فێرمان دەکات کە چۆن لوتمان دەتوانێت ببێتە دوژمن لە بەرچاومان، تا ئەورادەی کە پیاوی کوێر لوتی خۆی راو بکات. ئەمە خۆی دەرسێکی

خراپ نییە. کافکا لەم بوارەدا رێنوێنێکی باشە، هەر چەند دڵنیام کە ئەو قەت نەیوویستوە بۆ راهێنان دژی فەناتیسم بەکار بهێندرێت. کافکا فێرمان دەکات کە ئەگەر شک نەکەین لەوەی کردومانە، توشی ناروونی و لێتێنەگەیشتن و مەسخەرەبوون دەبین. ئەمە دەتوانێت یارمەتیدەر بێت. (ئەگەر مەجال ببوایەت دەبووا لەسەر کافکا و گوگول گەلێک زۆرتر لەم پێوەندیەدا قسەم بکردایەت بەڵام دایدەنێم بۆ جارێکیتر). من پێم وایە ویلیام فالکنێر ئەتوانێت یارمەتیدەرێکی باش بێت بۆ ئەم مەبەستە. شاعیری واقیعگەرا "یەهودا عەمیحای" هەموو ئەمانە زۆر جوانتر لەوەی کە من دەمەوێت دەریدەبڕێت و بەیانی دەکات. ئەو دەڵێت: "لەوشوێنەدا کە ئێمە حەقین هیچ گوڵێک ناروێت." ئەمە دەتوانێت وەک وەڵامێکی گونجاو و لەبار بەکار بهێنرێت. بۆیە دەڵێم کە لە بڕێک بواری دیاریکراودا، ئەگەر هەموو ئەسەرە ئەدەبییەکان نەڵێم، لانی کەم بڕێکیان دەتوانن یاریدەر بن.

ئەگەر ئێوە وەعد بدەن کە ئەمەی وا من ئێستا باسی دەکەم، بڕێک خوێی بکەن، من پێم وایە لانی کەمی دەرمانی فەناتیسمم دۆزیوەتەوە. مەیل بۆ خۆشی و شۆخی دەرمانێکە بۆ فەناتیسم. من قەت فەناتیکێم نەبینیوە کە مەیل و حەزی خۆشی و شۆخی تێدا بێت. یان باشترە بڵێم کە قەت ئینسانێکم نەبینیوە کە حەزی لە شۆخی بێت و خۆش خولق و خوو بێت و ببێتە فەناتیک، ئەگەر ئەوکەسە ئەو هەستەی تێدا

نەمردبێت. فەناتیکەکان بەعام چزدارن. بەشێکیان مەیل و حەزیان تەنیا لەسەر تانە و تەشەری بێ خۆشیو گاڵتە خرِدەکەنە. خۆشتەبعی، دەرون لە ئینساندا وا گەورەدەکاتەوە کە بتوانێت بە خۆی پێبکەنێت. رووخۆشی و خۆشتەبعی رێژەییسم و نیسبیسمە، ئەو تواناییەیە کە تۆ بتوانی خۆت وا ببینی کە کەسانیتر دەتبینن. رووخۆشی ئەو تونابییەیە کە ئینسان تێدەگات بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە چەندە حەقبەلایەنە و چەندە عەکس و خراپ مەعامەلەی لەگەڵ کراوە، لەمەدا روانگەیەکی تایبەت هەیە کە هەمیشە نەختێک مەسخەرە دێتە بەر چاو. هەرچی زیاتر حەقت پێ بێت، زۆرتر مەسخەرە دەبیت. جا با ئەو کەسە پیاوێکی ئیسرائیلی خۆ بەحەقزان بێت یان فەلەستینییێکی وەها یان هەر کەسێکیتر، بەڵام کە خاوەن زەینێکی کراوە بێت و خۆشرِوو تا رادەیەکی زۆر پارێزراوە لەبەرانبەر فەناتیسمدا و تووش بوونی ئەستەمترە.

جا باشە ئەگەر من توانیم خۆشرِوویی بکەمە قورس و بە هەموو خەڵک بسەلمێنم کە ئەو حەبە (قورس) بخۆن بۆ ئەوەی توشی فەناتیسم نەبن. ئەوکات لەوانەیە خۆم سەرخەم لەبەشی دەرماندا و ببمە کارزانێک و خەڵاتی نۆبل لە بەشی دەرماندا وەردەگرم لە جیاتی ئەدەبیات. بەڵام سەیر کەن. هەر خودی ئەم بیرۆکە کە من هەوڵ بدەم و زۆر بۆ خەڵک بێنم کە ئەو حەبی رووخۆشکرنەی من بخۆن بۆ ئەوەی توشی فەناتیسم نەبن، بڵێم بیخۆن چون ئەمە بۆتان باشە، ئەم بیرۆکە

خۆی بە جۆرێک فەناتیکاوی بووە. سەرنجی سەرەوە بدەن، دەبینن کە فەناتیسم پەتایەکی زۆر موسریە و خراپتر لە هەر ڤایرۆسێکە. رێک ئەوکاتەی کە ئینسان خەریکی خەبات دژی فەناتیسمە، دەتوانێت خۆی بە ئاسانی ئالودە و تووشی فەناتیسم ببێت. رۆژنامەکان بخوێنەوە یان سەیری هەواڵەکان لە کەناڵە تەلەفزیونییەکان بکە بزانە چەندە ئاسانە کە ئینسان پێشبکەوێت و ببێت بە فەناتیکێک لە دژە فەناتیسمدا، بونیادگەرایەک لە دژەبونیادگەراییدا، شەڕکەرێکی خاچی لە دژە یەهودییەتدا. بەڵام ئەگەر ئێمە نەتوانین بەتەواوەتی بەسەر فەناتیسمدا زاڵ بین، لانی کەم دەتوانین ورده ورده جڵەوی بکەین و کونترۆڵی بەدەستەوە بگرین. هەروەک پێشتر وتم. ئەو توانایە کە بتوانین بە خۆمان پێبکەنین و بتوانین ئەو جۆرەی کەسێتر دەمان بینێت خۆمان ببینین، ئەمەش بۆخۆی دەتوانێت دەرمانێکی باش بێت بۆ بەرگرتن لە توشبوونی فەناتیسم. ئەوەی کە بتوانین بێ مەرج و کراوە بژین، فێر بین کە بێ شەرت دۆخەکە بنرخێنین، فێری بایەخدان بە فرەلایەنی بین، ئەمانەش دەتوانن یارمەتیدەر بن. من نامەوێت خوتبەی بەرێژەیی بوونێکی بەتەواوەتی ئەخلاقی بکەم، بەڵکو دەمەوێت تەنیا ئەوە بەرجەستە بکەم کە چەندە گرینگە بتوانیت خۆت لە جێگەی کەسێکی تر دابنیت. لە هەموو حاڵەتەکانی ژیاندا، لە رۆژانەترین و عادیترین کارەکاندا خۆتان دابنێن لە جێگەی کەسێکیتر و هەوڵ بدەن لە روانگەی ئەوەوە بڕوانن بۆ ژیان. ئەوکاتەی

کە دەمەدەمانێدەکەین، یان کاتێ کە سکاڵا دەکەین و دەناڵێنین، رێک ئەوکاتەی کە پێمانوایە بەتەواوەتی حەقمان پێیە. حەتتا ئەو دەمەی کە پێمان وایە خۆمان بەتەواوەتی حەقین و بەرانبەرەکەمان بەتەواوەتی ناحەقە، رێک ئەوکاتە زۆر بە سودە کە خۆمان بخەینە جێگەی بەرانبەرەکەمان. ئێمە بەردەوام ئەم کارە لە بەرهەمەکانماندا دەکەین. رۆمانی "***هەمان دەریا***" م لەسەر شەش یان حەوت کەسە کە لە دونیادا بڵاوەیان کردوە و بەڵام هاوبەشی و ئیشتراکییێکی ئەسرار ئەنگیز لە نێوانیاندایە. ئەوان هەست بە ئامادە بوونی یەکتر دەکەن، سەرەڕای پرژ و بڵاوییان لە سەر پانتایی ئەم دونیا، بە شێوەی هەستی و تێلەپاتیک پێوەندی بەردەوامیان پێکەوە هەیە.

بە شێوەیەکی تیوری ئیمکانی ئەوە هەیە کە بتوانین بە بێ مەرج و کراوە بژین. بۆ نمونە :بۆ ئەوەی رۆمانێک بنوسیت دەبێت هەموو بەیانییێک لە گەڵ ئەوانیتر سەرکەویت و سوار بیت، قاوەیەک بخۆیتەوە و دەست پێبکەیت کە خۆت لەجێگەی کەسێکی تر دابنیت. بیر بکەوە کە ئەگەر من ئەو بوایەتم، یان تۆ ئەوبوایەتی. بە رابردوی شەخسی خۆمەوە، بە بەسەرهاتی ژیانی تایبەتی خۆمەوە و مێژووی بنەماڵەییمەوە. زۆر جار ئیزن نادەم بە خۆم کە وەها بیر بکەمەوە کە بە گۆڕانێکی ژێنەکان یان بارودۆخی دایک و بابم من ببوایەتم بە ئەو. من توانیومە ببم بە یەهودیەکی نیشتەجێی وێستبانک، خۆم کردوەتە ئوڵترا ئورتودوکسێکی

توندرەو، توانیومە خۆم دابنێم لە جێگەی یەهودێکی خۆرهەڵاتی لە یەکێک لە وڵاتانی جیهانی سێهەمدا یان هەرکەسێکی تر کە ویستبێتم. من توانیومە خۆم لە جێگەی دوژمنەکەم دابنێم. ئەوەی کە بتوانی وەها بیهێنیتە بەرچاوت و بینوێنی بۆ خۆت، زۆر باش و بە فایدەیە. سالەها پێش ئێستا، کاتێک کە منداڵ بووم، دایەگەورەی ژیرم بە زبانێکی ساکار و بە جوانی و بە تایبەتی، جیاوازی نێوان یەهود و مەسیحییەتی> نێوان یەهود و مەسیحییەت ئەڵێم نەک ئیسلام و یەهود <وەها بۆ وتم، وتی: "تێدەگەی، مەسیحیەکان لەسەر ئەو بڕوان کە عیسا رۆژگارێک لێرە بووە و دڵنیاشن کە رۆژێک دەگەرێتەوە بۆ ئێرە، بەڵام یەهودیەکان بڕوایان وایە کە مەسیح هێشتا نەهاتووە. ئەمە جیاوازیەکەیانە." دایەگەورەم وتی: "هەر لەسەر ئەمە رقێکی زۆر، راوودوونان، خوێن رشتن، قین و ... دروست بووە. بۆ چی ؟ بۆچی هەمووان راناوەستن تا بە ئاسانی ببینن؟ ئەگەر مەسیح هات و وتی: "مەرحەبا، چ خۆشە کە دووبارە دەتان بینم." ئەوە یەهودیەکان پیاندەسەڵمێت کە هەڵە بوون. ئەگەریش مەسیح هات و وتی: "رۆژتان باش، چ خۆشە کە یەک دەبینین." ئەوجا هەموو مەسیحییەکانی جیهان داوای لێبوردن لە یەهودیەکان دەکەن. لەم ماوەشدا هەموو کەسێک بۆی هەیە خەریکی ژیانی خۆی بێت و ئیزنیش بدەن ئەوانیتریش ژیانی خۆیان بکەن."

دایەگەورەم بەتەواوی پارێزراو بوو لە بەرانبەر فەناتیسمدا. ئەو رەمزەکانی ژیانی بێ مەرج و کێشە حەلنەکراوەکانی بە کلیلی ئەم راستییە دەکردەوە کە ئینسانەکان جۆراوجۆرن و جیاوازن.

من لە سەرەتادا ئیدعای ئەوەم کرد کە فەناتیسم زۆرجار لە ماڵەوە دەست پێدەکات. ئێستا لە کۆتایشدا دەمەوێت بڵێم کە دژەژەهرەکەیشی ئەتوانێت هەر لە ماڵەوە ببێت. رێک لەبەردەمی خۆماندا.

جان دان (John Donne) دەڵێت هیچ ئینسانێک دوورگە نییە. من بە جورئەتەوە و بە سنگفراوانییەوە ئەمە زیاد دەکەم و دەڵێم: هیچ ئینسانێک دوورگە نییە، بەڵام هەموومان هەرکەسە و شێوە دوورگەیەکە، کە لایەکی پێوەستە بە وشکیەوە و باقییەکەی روو بە دەریایە. نیوەی بەستراوەتەوە بە خانەوادە و دۆستان و کلتور و نەریت و وڵات و نەتەوە و جنس و زبان و زۆر شتیترەوە. نیوەکەیتریش بەرەو دەریایە و تەنیایی. من پێم وایە دەبێت هەرواش بمێنینەوە. ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتی و سیاسییانە کە دەمانگۆڕن بۆ دوورگەیەکی داروینی (Darwin) و باقی مافە ئینسانییەکان دەمانکەنە دوژمن و رەقیب، هەموویان بڵحن. هەروەها هەموو ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایدولۆژیانەی کە دەیانەوێت بمانکەنە مولوکولێک لە پارزەمینەکە، ئەوانیش هەر بڵحن. مەرجەکانی شێوەدوورگە، هەرئەو مافە ئینسانیانەن. ئێمە ئاوەهاین کە هەین و دەبێت

هەروەهاش بمێنینەوە. کەم یان زۆر  لە هەموو ماڵێکدا، لە هەموو بنەماڵەیەکدا ، لە هەموو بوارە ئینسانییەکاندا کە لە کردەوەدا دەبێتە پێوەندی نێوان شێوەدوورگەکان ئەمە هەیە. ئەمەی کە باشترین و دڵنیاترین حاڵەتی ئەوەیە کە پێش ئەوەی هەوڵ بدەین شکڵ و فورم بە یەکتر بدەین، پێش ئەوەی روو لە یەک بکەین یان ئیزن بدەین کە کەسێکی تر روو لەئێمە وەرگەڕێت، ئەبێ بزانین کە هەموو کەسێک پێویستی بەوەیە کە بۆ ماوەیەک بەرەو دەریاکە وەرگەڕێت. ئەمە گروپە کۆمەڵایەتیەکان و کلتورەکان و ژیارەکان و نەتەوەکان و هەروەها بەڵێ ئیسرائیلیەکان و فەلەستینیەکانیش دەگرێتەوە و بۆ ئەوانیش موعتەبەرە.

هیچ کام لەوانە دوورگە نیین و هیچیان ناتوانن خۆ لە بینین و چاوپێکەوتن و هاتوچۆی لایەنەکانیتر بەتەواوەتی ببوێرێت.

ئەم شێوە دوورگانە هەموویان پێویستیان بەوەیە کە یەک بەسەر بکەن و هاوکاتیش ئاشتی و ئارامی یەک بپارێزن.

من ئەزانم ئەمە پەیام و راسپاردەیەکی نا ئاساییە بۆ ئەم دەورانەی کە زەبر و زەنگ و توڕەیی و تۆڵە وبونیادگەرایی و فەناتیسم و رەگەزپەرەستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شوێنەکانی تری دونیا وێران دەکەن. خۆشروویی، توانایی ئەوەی کە خۆت لەجێ بەرانبەرەکت دابنیت، دان بە مافی تاکەکەسدا بنی و بتوانیت شێوەدوورگە

بیت، ئەمانە لەهەر حاڵدا دەتوانن لانی کەم تا رادەیەک وەک بەرگرییەک بەکار بهێنرێت دژی ئەو ژێنی فەناتیسمەی کە لەدەرونی هەموومواندا هەیە.

**ئیسرائیل و فەلەستین**
لە نێوان حەق و حەقدا

کامیان "کوڕە چاکە" و کامیان "کوڕە خراپە"ن؟ ئەمە شتێکە کە هەموو ئوروپاییێکی مەبەستدار لە لیبراڵ و رووناکبیر و چەپەوە هەمیشە و پێش هەموو شتێک

دەیانەوێت بزانن کە کێ لە لە فیلمەکەدا لایەنی خراپە و کێ کوڕە چاکەیە؟ ئەم شێوەی هەڵسەنگاندنە بە نیسبەت ویەتنامەوە زۆر ئاسان بوو، هەموومان دەمانزانی کە خەڵکی ویەتنام ببوونە قوربانی و ئەمریکاییەکانیش لایەنە خراپەکە بوون.هەلوێست وەرگرتن بە نیسبەت ئاپارتایدەوە سەخت نەبوو، ئینسان تێدەگەیشت کە ئاپارتاید شتێکی خراپە و خەبات بۆ مافی یەکسانی هاوڵاتی بوون، بۆ رزگاری، بۆ بەرابەری و بایەخە ئینسانیەکان شتێکی باشە. ململانێی نێوان ئیمپریالیسم و کلۆنیالیسم لە لایەک و قوربانیکردن لە ریگای کلونیالیسم و ئیمپریالیسم دا لە لایەکیتر، تا رادەیەک رۆشن دیارە و ئینسان دەتوانێت چاک و خراپیان لێکبداتەوە. کاتێ کە دەچینە سەر رابردووی کێشەی ئیسرائیلی ـ عەرەبی، بە تایبەت کێشەی ئیسرائیلی ـ فەلەستینی، شتەکان وەها ئاشکرا و روون نییە. وە ترسی من لەوەیە کە لێرەدا ناکرێت وەها ئاسانی بکەمەوە بۆ ئێوە و بڵێم: ئەمانە فریشتەن و ئەمانەش بوودەڵەن (مەلعون)، تا ئێوەش بە ئاسانی لای فریشتەکان بگرن بۆ ئەوەی چاکە بەسەر خراپەدا سەرکەوێت. بەڵام کێشەی ئیسرائیلی ـ فەلەستینی فیلمی وێستەرن نییە. ئەمە شەڕێک نییە لە نێوان خێر و شەڕدا، بەڵکو تراژیدی و نەهامەتییێکی بە تەواوی مانا و پر بە پیستی وشەی "تراژیدی" ە. لێکدان و شەڕێکە لە نێوان حەق و حەقدا، لێکدانێکە لە نێوان ئیدیعایێکی زۆر رەوا و قەناعەت پێهێنەر و بەقووەت و قووڵە لە گەڵ ئیدیعایەکی زۆر جیاواز بەڵام نە

کەمتر رەوا و قەناعەت پێهێنەرە و نە قووڵایی و قووەتیشی کەمترە و نە باری ئینسانیشی لاوازتر.

فەلەستینیەکان لە فەلەستینن بۆ ئەوەی فەلەستین وڵاتی خەڵکی فەلەستینە و هەر ئەو وڵاتەشیان هەیە. هەروەک چۆن هۆلەندا وڵاتی هۆلەندیەکانە و سویدیش وڵاتی سویدیەکانە. یەهودیەکانی ئیسرائیل لە ئیسرائیلن لەبەر ئەوەی لە دونیادا شوێنێکیان نییە کە یەهودیەکان، وەک گەل، وەک نەتەوە، رۆژێک لە رۆژان توانیبێتیان ناوی وڵاتی خۆیانی لێبنێن. وەک تاکە کەس بوویانە بەڵام وەک گەل یان نەتەوە نەیان بووە. فەلەستینیەکان بە نارەزا هەوڵیان داوە لە وڵاتانی تری عەرەبیدا بژین. دەرکراون، زۆرجار سوکایەتیان پێکراوە و تەنانەت راوەدوونراون، لە لایەن ئەوانەی وا بە ناو "بنەماڵەی عەرەب" ناوزەد دەکرێت. ئەوان مەجبورکراون کە بە تاڵترین شێوە لە "فەلەستینی بوونیان" تێبگەن، ئەوانیش وەک لوبنانیە کان، وەک سوریایەکەن و عێراقیەکان و میسریەکان هەڵبژاردەی خۆیان نەبووە کە ببن بە فەلەستینی و فەلەستین تەنیا وڵاتێک بێت کە ئەوان بتوانن بە وڵاتی خۆیانی بزانن و تێدا بمێیننەوە. خەڵکی یەهود و فەلەستی بە شێوەیەکی سەیر ئەزمونێکی مێژوویی هاوتەریبیان تێپەڕاندوە. یەهودەکان لە ئوروپا دەرکران، باوک و دایکی من نزیکەی شەست ساڵ پێش ئێستا لە ئوروپا فرێدرانە دەرەوە، فرێدرانێکی بە تەواوی مانا، رێک وەک چۆن فەلەستینیەکان یەکەم لە فەلەستین دەرکران و پاشان لە

وڵاتە عەرەبیەکانیش خرانە دەرەوە.کاتێ باوکم هێشتا میرمنداڵێک بوو لە پۆلەند، هەموو دیوارەکانی ماڵەکانی ئوروپا بەم دروشمانە رەش کرابونەوە: "یەهودیەکان، بڕۆنەوە بۆ فەلەستین"، یان جاروبار لەوەش خراپتر: "یە هودیە مەلعونەکان، بڕۆنەوە بۆ فەلەستین." پەنجا ساڵێک پاش ئەوە کاتێ باوکم سەردانی ئوروپا دەکات ئەم دروشمانە بە دیوارەکانەوە دەبینێت:"یەهودیەکان، بۆ دەرەوە لە فەلەستین."

خەڵکانێکی زۆر لە ئوروپاوە داوەتیان کردوم و دەڵێن کە خۆت و هاوکارە فەلەستینیەکانت وەرن پشوییەکی هاوینی لە لای ئێمە لە شوێنێکی خۆش پێکەوە تێپەڕ بکەین، چون ئێمەش دەمانەوێت فێربین کە یەکترمان خۆش بوێت و پێکەوە پەرداخێک قاوە بخۆینەوە، تێبگەین کە کەس شاخ و کلکی نیە و هەمووومان وەک یەکین، بەڵکو موشکلە و کێشەکان لەناو بچن. ئەمە لەسەر بناغەی ئەو بیرۆکە ئێحساسیە سپیەی ئوروپایی وەستاوە کە دەڵێت کێشەکان شتێک نین جگە لە خراپ تێگەیشتن لە یەکتر. بە بڕێک گروپ تێراپی وکەمێک رێنوێنی نێوخێزانی، دەتوانرێت خۆشبەختی دەستەبەر بکرێت بۆ هەموو رۆژەکانی ژیانمان. ئا وایە بەڵام، سەرەتا دەمەوێت پێش هەموو شتێک بەم هەواڵە ناخۆشە دەست پێبکەم کە بە راشکاوی دیارە بڕێک لە کێشەکان تەنیا لەسەر خراپ تێگەیشتنێک رانەوەستاوە، بەڵکو زۆر لەوەقووڵترە. پاشان دەمەوێت ئەم پەیامە سەرنج وروژێنەرەتان پێ راگەیێنم

کە:هیچ خراپ حاڵی بونێکی بناغەیی لە نێوان عەرەبەکان و یەهودە ئیسرائیلیەکاندا نییە. فەلەستینیەکان داوای ئەو وڵاتە دەکەن کە پێی دەڵێن فەلەستین، بۆ داواکەشیان دەلیلی بەقووەت و هۆی بەهێزیان هەیە. یەهودە ئیسرائیلیەکانیش رێک داوای هەمان وڵات دەکەن بە هەمان هۆ، ئەوەی کە رێگە خۆشکەرە بۆ لێکگەیشتنێکی راستەقینە لە نێوان هەردوو لا و تراجیدیایەکی ترسناکیش. گڕی ئەم تراجیدیاش بە هەزاران رووباری قاوە لای ئەو دوو نەتەوە ناکوژێتەوە کە هەردووکیان بە حەق داواکاری وڵاتێکی بچکۆلانەن و بە تەنیا وڵاتی خۆیانی لەسەر گۆی زەویدا دەزانن. ئەمە راستە کە پێکەوە قاوە خواردنەوە خۆشە، ئەمەش شتێکە کە من هەوڵی بۆ دەدەم، بەتایبەت کە کافەکەش عەرەبی بێت کە بەراستی زۆر لە قاوەی ئیسرائیلی چاکترە. بەڵام بەتەنیا قاوە خواردنەوە چارەسەری کێشە ناکات. ئەوەی ئێمە پێویستیمان پێیەتی تەنیا قاوە و لێکگەیشتنێکی گەورە نییە. ئەوەی ئێمە پێویستمانە سازانێکی ئازاراوییە. وشەی "سازان" لە ئوروپا ناوبانگێکی زۆر خراپی دەرکردوە. بەتایبەتی لە لای گەنجە ئیدالیستەکان کە سازشکار لە لای ئەوان یانی ئوپورتۆنیستەکان، ئەوانەی کە ناراستن و جێگەی متمانە نین و لە رووناکی دەترسن، وەک نیشانەیەک بۆ ناراستیێتی و نەبوونی تەمامیەت دەیبینن. لە قاموسی مندا وانییە. وشەی "سازان" یانی ژیان. بەرانبەرەکەشی ناکاتە ئیدیالیسم یان فەداکاری و خۆبەختکردن، بەڵکو بەرانبەرەکەی دەکاتە

فەناتیسم و مەرگ. ئێمە پێویستمان بە سازان و رێكەوتنە. سازان بە مانای تەسلیم بوون نییە. سازان قەت بەو مانا نییە كە فەلەستینیەكان چۆک دادەن، هەروەها بۆ ئیسرائیلیەكانیش هەرگیز وەها مانایەكی نابێت.

من پێم خۆشە كە باس لە چۆنیەتی وەها سازانێک بكەم، بەڵام دەمەوێت هەر لەئێستاوە بیڵێم كە ئەم سازانە لەوانەیە زۆر ئازاردار بێت. لەبەر ئەوەی هەر دوو خەڵكەكە وڵاتەكەیان خۆشدەوێت، لەبەر ئەوەی هەر دوو لا، یەهودەكانی ئیسرائیل و فەلەستینیە عەرەبەكان خاوەن رەگێكی جیاواز، بەڵام قووڵی مێژوویی و هەستیارن لەم وڵاتەدا. یەكێک لەو شتە هەمیشەییانەی ئەم تراجیدیا، یەكێک لەو روانگانەی كە بەدڵنیاییەوە تەوس هەڵگرە، ئەم راستییەیە كە بەشێكی زۆر لە یەهودەكانی ئیسرائیل نایانەوێت دان بەوەدا بنێن كەعەرەبەكانی فەلەستین چۆن قووڵ و هەستیارانە گرێیان خواردوە بە وڵاتەكەیانەوە. هەروەها فەلەستینییێكی زۆریش هەن كە تێ ناگەن كە یەهودەكان چ رەگێكی قووڵیان لەم وڵاتەدا هەیە. ئەم تێگەیشتنە بە شێوەیەكی ئازاراوی پەیدا بووە و پرۆسەیەكی پر لە ژانیشی هەیە بۆ هەر دوو نەتەوەكە. ئەمە رێگایەكە كە لە هەردوو لاوە بە خەونی هاڕیاو، خەیاڵی تێكشكێندراو، هیوای وردوخاشكراو و دروشمی كۆنی زلكراوە تەنراوە.

من ساڵیانێكی زۆر لە بزوتنەوەی ئیسرائیلی "ئاشتی ئێستا"، دامەزراو لە ساڵی ١٩٧٨ دا دا كارم كردوە. لە

کردەوەدا من خۆم زۆر پێش دامەزرانی "ئاشتی ئێستا"، بۆ ئاشتی نێوان ئیسرائیلیەکان و فەلەستینیەکان کارم کردوە. هەر رێک بە دووای شەڕی شەش رۆژەی ساڵی ١٩٦٧ دا، من یەکێک لە یەکەمین ئەو کەسە کەم ژمارانەی یەهودی ئیسرائیل بووم کە خێرا ئەم بیرۆکەمان خستە بەردەست کە لەسەر داهاتوی غەززە و کەنارەکانی غەربی چۆمی ئوردون دەبێت لەگەڵ خەلکی فەلەستین و رێبەرانیان و PLO (کۆمەڵەی رزگاری بەخشی فەلەستین)، کە ئەوکاتە خۆیان دەبوێرا لەوەی ناوی ئیسرائیل بە زباندا بێنن، دانوستاند بکەین نەک لەگەڵ ئوردون یان میسر.

بزوتنەوەی ئاشتی ئیسرائیل لە حاڵی حازردا تووشی شکست بووە. بەڵام ئیزنمان بدەن کە بڵێین بزوتنەوەی ئاشتی ئیسرائیل شتێکی وەک خوشکی لفەودوانەی بزوتنەوە پاسیڤەکانی ئەمەریکا و ئوروپا لە کاتی شەڕەکەی ویەتنامدا و پاش ئەوە نییە.

ئێمە بڕوامان بەو بیرۆکەیە نییە کە دەڵێت ئەگەر ئیسرائیل لە ناوچە داگیرکراوەکاندا بکشێتەوە ئیتر هەموو شتێک حەل دەبێت.

هەروەک دەزانرێت لانی کەم ئێمە لەم روداوەدا ئیسرائیل بە خەتاکار و پیاوخراپ نازانین. ئێمە مەبەستمان ئاشتیە، بەڵام بەو مانا نییە کە دەبێت لایەنی فەلەستین بین. ئێمە رەخنەیەکی زۆرمان لە رێبەرایەتی فەلەستین هەیە. من، وەک شەخسی خۆم، رەخنەی یەکسانم هەیە لە رێبەرایەتی

فەلەستین و ئیسرائیل. دواتر باس لەمە دەکەم. بەڵام جیاوازی نێوان ئێمە و بڕێک لە بزوتنەوە ئاشتیەکانی ئوروپا لەمانە قووڵترە. من بەش بە حاڵی خۆم دوو جار لە شەڕدا بەشداریم کردوە. یەکەم جار وەک ئەفسەری زەخیرە لە شەڕی "سینا" دا لە ساڵی ١٩٦٧ و ئەویتریش لە شەڕی ١٩٧٣ لە گەڵ سوریا. ئەمانە ترسناکترین ئەزمونەکانی ژیانم بوون، بەڵام خۆم بە شەرمەزار نازانم لەوەی کە لەم دوو شەڕەدا بەشدار بووگم. من بەو مانا پاسیفیسک و هەست ناسک نیم. من ئەگەر هەر ئێستاش هەست بەوە بکەم خەتەری قڕکردنی وڵاتەکەم هەیە و خەڵکەکەم تیادەچێت، هەر بەم پیریەش دیسان ئامادەم بۆ شەڕکردن. بەڵام ئەمە کاتێکە کە باسی مان و نەمان بێت، یان هەست بەوە بکەم کە کەسێک دەیەوێت من و خەڵکەکەم بکاتە کۆیلە. من قەت شەڕ بۆ پەرەدانی خاک ناکەم ئەگەر تەنانەت سزای زیندانیشم پێ بدەن. من قەت شەڕ بۆ ئەوە ناکەم با نەتەوەکەم ژوری خەوێکی زیاتری ببێت. من قەت بۆ شوێنی شکۆدار و شتی بەنرخ یان حەزە نەتەوەییەکان شەڕ ناکەم. من بەس شەڕ بۆ ژیان و ئاشتی دەکەم.

پاسیفیستە ئورووپاییەکان پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە شەڕ پێکهێنەری ئەوپەڕی ناحەزی وماڵوێرانی لە دونیادایە. بەڵام لێرەدا جیاوازییێک لە نێوان من و ئەواندا دروست دەبێت، چون لە قاموسی مندا شەڕ ترسناکە، بەڵام دەستدرێژی یانی ئەوپەڕی بەدخوازی و خراپە. ئەگەر لە

ساڵی ١٩٣٩ هەموو دونیا جگە لە ئەڵمانیا بڕوای بەوە بووایە کە شەڕ دیاردەیەکی ترسناکە و خۆیان لێ بپاراستایە، ئێستا هیتلێر ئاغا و سەرۆکی عالەم بوو. بۆیە ئینسان دەبێت دژی دەستدرێژی، لە هەرکوێدا بێت، بەشەڕ بێت و بەری پێبگرێت. بەڵام تەنیا کاتێک کە باس لە ژیان و ئاشتی بێت، نەک شەڕ بۆ پەرە دانی وڵات و ئەم جۆرە شتانە.

کاتێ من سکەی ئەم چەمکەم لێدا "لە عشق گەڕێ ئاشتی سازکە" ( Make Peace Not Love ) قەت مەبەستم خوتبەکردن دژی عشق نەبوو. بەڵکو دەموویست درزێک بخەمە نێو ئەم وتە ئیحساسیەی کە باس لە ئاشتی و عشق و برادەری و نەرمی و لێبوردن و پێکهاتن و ... دەکات – ئەو باوڕەی کە پیوایە ئەگەر ئینسان تەنیا چەکەکەی دا بنێت، ئیتر دونیا خۆش و پڕ لە عشق و خۆشەویستی دەبێت. من بۆ خۆم پێموایە کە ئەوین شتێکی زۆر دەگمەنە. بە گوێرەی تێگەیشتنی من ئینسان دەتوانێت دە کەسی خۆش بوێت. ئەگەر خاوەن دڵێکی سەخیش بێت لەوانەیە بتوانێت بیست کەسیشی خۆش بووێت. کەسێکی خۆشبەخت ئەتوانێت ببێتە خۆشەویستی دە کەس یان زۆر خۆش شانسیش بێت رەنگە بیست کەس خۆشیان بووێت. ئەگەر کەسێک پێم بڵێت کە ئەو ئەمریکای لاتین یان جیهانی سێهەم یان ئینسانییەتی خۆش دەوێت، بە رای من ئەمە ناروون و بێ مانا دەنوێنێت. وەک چۆن گۆرانییێکی بەناوبانگی کۆن بە تانەوە دەڵێت کە:
> ئاشکرایە کە عشق ئەوەندە نییە کە بەشی هەموومان بکات

<. من پێم وایە کە عشق ئەو کلیلە چاک و بەهێزە نییە کە بکرێت موشکلە نێۆنەتەوەییەکانی پێ حەل بکەین. ئێمە پێویستمان بە جۆرێکی تر لە چاکی و باشی هەیە. پێویستمان بە هەستێکە بۆ عەدالەت و عەقلێکی سالم و تەندروست لە گەلێدا. ئێمە پێویستمان بەو فانتاسی و توانایەیە کە بتوانین خۆمان لە جێگەی کەسی کە دابنین. ئێمە پێویستیمان بەو توانا عەقلانییەیە کە بسازین و بتوانین لە کاتی پێویستدا فیداکار و لەخۆبوردوو بین و سازش بکەین، بەڵام نیازمان بە خۆکوژی بۆ ئاشتی نییە. > من ئەبێ خۆم فیدا بکەم بۆ ئەوەی تۆ خۆشبەخت بیت.< یان : > تۆ دەبێ خۆت بدەی بەکوشت بۆ ئەوەی من خۆشبەخت بژیم.< من جیاوازیێک لە نێوان ئەو دوو حاڵەتەدا نابینم، لێکچونەکانیان زۆر زیاترە لەوەی بڕوا بکەیت. بە بۆچوونی من پێچەوانەی شەڕ نابێتە عشق و هاودەردی، عەکسی شەڕ دڵفراوانی و برادەری و لێبوردوویی نییە. بەڵکو دژ و عەکسی شەڕ ئاشتییە. نەتەوەکان پێویستان بەوەیە کە لە ئاشتیدا بژین. ئەگەر من لە ژیانی خۆمدا بتوانم ببینم کە دەوڵەتی ئیسرائیل لە پەنای دەوڵەتی فەلەستیندا وەک دوو جیرانی رێکوپێک و دڵسۆزی یەک، بە بێ سەرکوت، بێ تەقینەوە، بێ خوێنرشتن و ترۆر بژین، ئەوکاتە ئەتوانم بڵێم رازی و خۆشحاڵم، حەتتا ئەگەر ئەوینیش لە نێوان خەڵکدا نەبێت. وەک شاعیر "روبێرت فروست" ئەڵێت:"بە پەرژینی باش جیرانی چاکت دەبێت."

هۆیێکی باش کە دەیسەلمێنێت کێشەی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین زۆر دژوارە، ئەوەیە کە لە ئەساسدا ئەمە کێشەی نێوان دوو قوربانییە. دوو قوربانی بە دەست یەک زاڵم. ئوروپایێک کە دونیای عەرەبیان کولونیزە کرد، چەوساندیانەوە، سوکایەتیان پێ کردن، پێیان بەسەر کولتوریاندا نا و کونترۆڵی هەموویان گرتە دەست و کردیانە شوێنی یاری ئیمپریالیست، هەر ئەم ئوروپا لەولاوە یەهودەکانیان هەڵاوارد و راوەدوویان نان، گرتنیان و لە ئاکامدا کۆمەڵ کوژییێکیان لێ کردن کە تا ئەوکات قەت لەو بەرینییەدا نەبیندرابوو. دەکرا وای لێبهاتایە کە هەر دوو قوربانییەکە بە هاوپشتی یەک خەباتێکی دوولایەنەیان دژی زاڵمەکەیان سەرخستایت، بۆ وێنە وەک چۆن لە شێعرەکانی "برتێل برێشت" دا هاتووە. بەڵام لە راستیدا و لە ژیانی واقعیدا دەیبینین کە لە هەمووی خراپتر ئەوەیە کە کێشەکە لە نێوان قوربانییەکانی دەست زاڵمەکەیە. دوو منداڵی باوک و دایکێکی زاڵم کە بە داخەوە، منداڵەکان یەکتریان خۆش ناوێت. زۆر جار دڵرەقی و دڕندەگییەکەی دایک و باوکیان لە یەکدا دەبینن.

ئەم دۆخەش تەنیا فەلەستین و ئیسرائیلی تێنەکەوتووە، بەڵکوو دۆخێکە کە عەرەب و یەهودی بە تێکرا تێچەقیوە. هەر دوولا وێنەی زاڵمە پێشوەکەیان لە رووی یەکتردا دەبینن. ئەم شتە من زۆر جار لە کاتی خویندنەوەی ئەدەبیاتی عەرەبدا، (دەبێت بڵێم بە هۆی ئەوەی کە من زۆر شارەزای

زبانی عەرەبی نیم، ئەدەبیاتەکەیان لە رێگای تەرجومەکانەوە دەخوێنمەوە) دەکەومەوە بیری کە دەبینم ئەوان یەهودەکان، بەتایبەت ئیسرائیلییەکان، بەم شێوە پێناسە دەکەن، درێژەدەری "کاڵ" ە کان، چەوسێنەرەکان، زاڵمەکان، ئوروپائییە دڵ رەقەکان. مەبەست ئەو داگیرکەرانەیە کە ئەمجارە بە ناوی سەهیونیست گەراونەتەوە بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕات و درێژە بە زوڵم و زۆر و چەوساندنەوە دەدەن. ئەوانیش لای ئێمە بەو جۆرەن. زۆر جار عەرەبەکان، تەنانەت بڕێک لە نوسەرە ئحساسییەکانیان، سەختە بۆیان کە ئێمە ئەوجۆرەی کە هەین ببینن. یەهودە ئیسرائیلیەکان گروپێکی کۆچەری بە راستی نیوە هیستریکن کە لە کابوسگەلێک و شۆکێکی دەرونی زۆر ترسناک، نەک تەنیا لە لایەن ئوروپاییەکانەوە بەڵکو لە هەلسوکەوت و مەعامەلەی عەرەبەکان و وڵاتە ئیسلامییەکانەوە لە گەڵیاندا پییان گەیشتوە، زیندو ماون. نیوەی خەڵکی ئیسرائیل ئەو کەسانەن کە لە وڵاتانی عەرەب و ئسلامییدا وەدەر نراون. ئیسرائیل لە راستیدا ئوردوگایەکی گەورەی یەهودە کۆچپێکراوەکانە. نیوەی ئێمە لە راستیدا یەهودە کۆچپێکراوەکانی وڵاتە عەرەبیەکانین، بەڵام عەرەبەکان ئەم شتە لە ئێمە وەها تێناگەن و وەری ناگرن و ئێمە بە درێژەی کۆلۆنیالیزم دەزانن. ئێمەش، یەهودە ئیسرائیلییەکان، واقعیەت و راستی عەرەبەکان، بەتایبەت فەلەستینییەکان، ئەو جۆرەی کە هەیە، سەد ساڵ قوربانی بوونیان و چەوساندنەوە و سوکایەتی پێکردنیان لە لایەن

زاڵمەوە قەبووڵ ناکەین. ئێمەش ئەوان وەک یەهودکوژەکان ( pogrom) و نازییەکان دەبینین کە لە کافەکاندا دەسوڕێنەوە و سمێڵ پان دەکەن و خۆیان بە خۆر ئەدەن و خەریکی یاریە کۆنەکەی جارانن، کە بۆ خۆشی وچێژ یەهودیەکان سەردەبڕن. بە کورتی بڵێم کە ئەمە یانی هەمان جۆری زوڵم و هەمان زاڵم کە تەواوی ژیانمان لەگەڵمان بووە.

لەم بوارەدا جۆرێک لە کزی و لاوازییێکی قووڵ لە هەر دوو لادا دەبیندرێت: لاوازی رامیاری یان کزی لە ئامانج و هەدەفدا ناڵێم، بەڵکو نەبوونی توانا بۆ خوێندنەوەی بەسەرهات و رابردوی هەر دوو نەتەوەکە، کە بووەتە هۆی دروست بوونی هەر دوو قوربانی.من ساڵەهایە کە رەخنەم هەیە بەرانبەر بە بزوتنەوە نەتەوەییەکانی فەلەستین. بەشێکی دەگەرێتەوە بۆ هۆی مێژوویی، بەڵام نەک گشتی. رەخنەکانی من رەگیان لەسەر ئەوەیە کە ئەم بزوتنەوانە نایانەوێت رەسەنایەتی یەهودەکانی ئیسرائیل بۆ خاکی ئیسرائیل قبوڵ بکەن.

من بڕوام بە رووداني ئەوینێکی دوولایەنەی لە پڕ، لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستیندا نییە. من بڕوام بەوە نییە کە موعجیزە ئاسا ئەم دوانە بە چاوی تەڕەوە بێن و وەک براکانی نێوچیرۆکەکەی "داستاڤیسکی" کە لە مێژە یەکیان بزرکردوە، باوش بە یەکتردا بکەن و بڵێن "بلێی تۆ قەت لە گوناهی من ببوریت، من زۆر خراپ بووم بەرانبەرت، وڵات

چییە، وەرە وڵات بەرە بۆ خۆت، بەڵام تۆ خۆشەویستی و ئەوینی خۆتم دەیە." بەداخەوە قەت چاوەڕوانی شتی وا یان شتێکی وەک مانگی هەنگوینی ناکەم. لە باشترین حاڵەتدا من چاوەڕوانی جیا بونەوەیەکی ئابڕومەندانە و عادیلانەی ئیسرائل و فەلەستینم لە یەکتر. جیابوونەوەش قەت کامەرانی نییە، تەنانەت ئەگەر کەم یان زۆر جیابوونەوەکەش عادڵانە بێت. ئەزانم ئازاریان دەدات و دەبێ تاڵ بێت بۆیان. بەتایبەت لەو بارەوە کە هەر دوو لایەنەکە هەر لەو ماڵەدا دەمێنن. کەس ناچێتە دەر. خانوەکەش ئەوەندە بچوکە کە زەروورە دیاری بکرێت کێ دەبێت ژووری خەوی "A" و کێ "B" ی بەرکەوێت. ئەگەر باسی مەتبەخ و حەمامەکە نەکەین، کەس نازانێت چی بەسەر ژووری دانیشتنەکەدا دێت. زۆر ناعەمەڵییە. بەڵام زۆر لەم ژیانە جەهەنمییەی کە ئێستا لەم وڵاتە خۆشەویستەماندا تێیدا دەژین باشترە. فەلەستینیەکان کە ڕۆژانە بە دەست سەربازە بێ ڕەحمەکانی ئیسرائیل، زوڵمیان لێدەکرێت، دەگیرێن، سوکایەتیان پێدەکرێت، شتومەکەکانیان لێ زەوتدەکرێت. خەڵکی ئیسرائیلیش ڕۆژانە دەکەونە بەر هێرشی دڵڕەقانەی ترۆریستەکان و بێ بەزەییانە و کوێرانە لە پیا و ژن و منداڵ، منداڵی مەدرەسە و خەڵکی عادی نێو بازار دەدەنە بەر هێرشی ترۆریان و دەیان کوژن. بۆیە دەڵێم هەر چییێک بێت لەم وەزعە باشترە! بە تایبەت ئەگەر جیابوونەوەکەش عادڵانە بێت. کاتێ بە دامەزراندنی دوو دەوڵەت ئەم جیابوونەوە تاڵ و ئازاراوییەمان جێبەجێ کرد،

دابەشکردنێکی تەقریبی و بە بێ لەبەرچاوگرتنی راستەقینەی حەشیمەت ناسی (Demografi) – من نامەوێت لێرەدا نەخشەیەک دیاری بکەم، بەڵام ئەتوانم بڵێم کە بە هاوکاری و پێکهاتنێکی دوو لایەنە و نەرمی، بۆ ئەو شوێنانەی کە کێشەیان لەسەرە، وەک شوێنە موقەدەسەکان لە ئورشەلیم، سنوورەکانی ساڵی 1967 ببنە بناغە و سەنەد بۆ دیاریکردنی سنوورەکانی دوو دەوڵەت. پاش جیابوونەوە و دیاریکردنی سنوور، من پێم وانییە کە ئیسرائیلییەکان یان فەلەستینییەکان سنوورەکان ببەزێنن بۆ ئەوەی بچن فنجانێک قاوە پێکەوە بخۆنەوە.

که ئەمانە کرا کاتی قاوەش دێت، ماوەیەکی کورت پاش چارەسەرکردنی کێشەی جیابوونەوە و دابەشکردنەکان، زیاد لەمانە ئەتوانم هەر لە ئێستاوە بڵێم کە لەوانەیە بتوانین پێکەوە لە ئاشپەزخانە خشپیلانەکەماندا خواردنەکەمان دروست بکەین، مەبەستم ئابوریە دابەشکراوەکەیە، رەنگە بازار یان دراوێکی هاوبەشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش ساز بکەین. بەڵام دەمەوێت ئوروپاییەکان لەوە دڵنیا بکەم کە: ئەوە راستە کە کێشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئازاراویی و خوێناوی و زاڵمانە و شێتانەیە، بەڵام ئەمە قەرار نییە کە هەزار ساڵ بخایەنێت بۆ ئەوەی کە ئێمە بتوانین دراوێک بەرانبەر بە "ئێۆرۆ" (Euro) لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ساز بکەین. لەوانەیە کە ئەوەی ئێمە زۆر خێراتر لەو ماوەی وا لای ئێوەی خایاند وبە دانی خوێنی زۆر کەمتر لەوەی کە

ئێوە رژانتان بۆی، سەر بگرێت. کە وابوو دەبێت برێک ئاگاتان لە خۆتان بێت و بە چاوی سوک سەیری ئێمەی یەهودی وعەرەب نەکەن و پەنجەی هەڕەشەمان بۆ رامەکێشن و پێمان نەڵێن، گەوجەکان، ئینسانی زەبری، فەناتیک و پەڕگیر و ستەمگەر. مێژووی خوێناوی ئێمە لەوانەیە لە مێژووە خوێناویەکەی ئێوە کورت تر بێت. من چاک دەزانم کە لەم بەشەی دونیادا کە منی تێدا دەژیم، خۆ تێوەردان لە کار و باری پێغەمبەرانەوە زۆر مەترسیدارە. بەربەرەکانێ لە کەرتی پێغەمبەراندا باسی سەرە. بەڵام من خۆمی تێ وەردەدەم و پێشبینییێک دەکەم و دەڵێم کە ئێمە ناچینەوە سەر نەریتی داسەپاوی ئوروپائیەکان و بە درێژایی سەدەیەک یەکتر ناکوژین. ئێمە زۆر زووتر لەوان موشکلەی خۆمان چارەسەر دەکەین. چەندە خێراتر؟ خۆزگا دەمتوانی وەڵامی ئەم پرسیارەم دەداوە. من فریوخۆری و کورتبینی سیاسەتوانانی هەر دوو لا بەکەم ناگرم. بەڵام دەکرێت رێگایەک بۆ چارەسەری ببینینەوە.

بێ لەوەش دەکرێت و دەبێت کە یەکەمین هەنگاوی بڕیاردەر چارەیەکی دوو دەوڵەتی بێت. ئیسرائیل دەبێت بگەڕێتەوە سەر ئەو شوێنانەی کە لە سەرەتای دامەزرانی ئیسرائیل و دەستپێکی بیرۆکەی ئیسرائیل لە ساڵی 1948 و حەتتا پێش ئەو ساڵەش. دان پێدانان لە بەرانبەر دانپێداناندا، دەوڵەت بەرانبەر دەوڵەت، سەربەخۆیی بەرانبەر سەربەخۆیی و هەروەها ئەمنییەت و ئارامی بەرانبەر بە

ئەمنییەت و هێمنایەتی. رێبەرایەتی فەلەستینیش دەبێت روون و ئاشکرا روو بە خەڵکەکەیان ئەم شتە کە قەت تا ئێستا دانی پێدا نەنراوە، بە زباندا بێنن و رایگەیێنن کە: ئیسرائیل بەس رووداوێک نییە لە مێژوودا، ئیسرائیل تەجاوەز نییە، ئیسرائیل یانی وڵاتی یەهودیەکان، هەرچەند ئەمە زۆریش ئازاراویی بێت بۆ فەلەستینییەکان. هەر بەو شێوە دەبێت ئێمەی ئیسرائیلیش بەرز و ئاشکرا دانی پێدا بنین کە فەلەستین وڵاتی فەلەستینییەکانە، هەرچەند لە بەریشمان گران بێت و پێمان سەخت بێت.

ئەوە نەبێت کە ئەم کێشەی ئیسرائیلی – عەرەبی، یان ئیسرائیلی – فەلەستینیەی ئێسا هەر ئێستا وەها ئاڵۆز و خراپ بووبێت، ئەمە لە مێژە و دەگەرێتەوە بۆ ساڵانێکی زۆر، چەندین دەیەیە کە هەر دوو لایەنی کێشەکە نەیانتوانیوە نێوی یەک بە زماندا بێنن. سەردەمێک فەلەستینییەکان وعەرەبەکانی تر زۆریان لەبەر گران بوو کە وشەی چەپەڵی ئیسرائیل بە زباندا بێنن. ئەوان بە "چەمکی سەهیونیستی"، "دروستکراوە دەستکردەکە"، "تەجاوزکار" ، "عفونەت"، "الدەولە المازومە"، "دەوڵەتی دەستکرد" و لەم بارانە ناوزەدیان دەکرد. بۆ ماوەیەکی درێژ بەشێکی زۆر لە عەرەبەکان و زۆرینەی فەلەستینیەکان لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە ئیسرائیل وەک پیشانگایەکی لەدەرەوە هێنراوەیە، بۆیە لایان وابوو کە ئەگەر بە ئاشکرا و بەرز دژایەتی بکەن

لەوانەیە بێن و ئیسرائیل لەوێ بگوێزنەوە بۆ شوێنێکی تر، رەنگە بۆ ئوستراليا یان هەر جێگایەکی تر لەم دونیادا.

ئیسرائیل لای ئەوان وەک زریانەخەونێک، کابوسێک، بوو کە ئەگەر بە جوانی چاوت هەڵگڵۆفی ئەتوانێت یەکسەرە بڕوات و لە بەرچاوت ون بێت. ئەوان وەکو دمەڵێکی کاتی مەعامەلەیان لەگەڵ ئیسرائیل دەکرد، پێیان وا بوو کە بە نەشتەر لێدان و بڕینی بەردەوام دەڕوات.هەروەها هەوڵیان دا بە شەڕی چەکداری لەناوی بەرن، بەڵام سەرنەکەوتنیان بووە مایەی تووڕەیی زۆر بۆیان. لەم لاشەوە وەنەبێت کە ئیسرائیلیەکان لەوان باشتر بووبێتن. ئیسرائیلیش خۆیان لە بەزبانا هێنانی "خەڵکی فەلەستین" دەپاراست. ئێمە لە نوسینەکانماندا پێمان دەوتن "خەڵکی ناوچە" یان عەرەبەکانی وڵات. ئێمە لە رژێمی ناسر(عەبدولجەماڵ ناسر) پان عەرەبیست تر بوون، چون لە لای پان عەرەبەکان شتێک بە ناوی فەلەستن نامێنێ، هەمووی هەر وڵاتی گەورەی عەرەبییە.

بۆ ماوەیەکی درێژ ئێمەی ئیسرائیلی چاومان بەسەر ئەو راستییەدا نوقانبوو کە خەڵکی فەلەستین ناتوانن وڵاتێک تەنانەت لە وڵاتانی عەرەبیشدا بدۆزنەوە، جگە لەمەی خۆیان. ئێمە نەشماندەوویست لەم بارەوە شتێک ببینین یان ببیسین.

ئێستا ئەو سەردەمە تێپەڕیووە. هەر دوو خەڵکەکە گەیشتونەتە ئەو قەناعەتەی کە لایەنەکەی تریش بوونی هەیە،

لە هەر دوو لا زۆرینەی خەڵک دەزانن کە هیچ لایەنێک بۆ لابردن و پاککردنەوە نابێت. بەڵام ئایا بەمە رازین؟ نا، بە هیچ جۆرێک.

ئایا ئەمە کات و جێگەی رەزامەندییە؟ بە هیچ کلۆجێک. ئەمە ساتێکی ئازاردارە. ئەمە بۆ هەردوو لا وەک ئەوەیە کە لە بێهۆشی و بەنجی خەبەر بیتەوە و تێبگەیت کە ئەندامێکی لەشتیان بریبێتەوە. ئەتوانم بڵێم کە نەخۆشخانەکە لەم نەشتەرگەرییەدا لە ئاستێکی نزمدایە و پزشکەکانیشی زۆر شارەزا نین، بنەماڵەی هەردوولا لە بەردەم ژووری نەشتەرگەریەکەدا یەکتر و پزشکەکان نفرین دەکەن. ئەمە وێنەیەکە لە ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەڵام لانی کەم هەمووان دەزانن کە نەشتەرگەرییێکی ناچاری هەیە ودەبێت بکرێت، ئێستا هەمووان دەزانن کە ئەم خاکە دەبێت بە شێوەیەک بکرێتە دوو دەوڵەت نەتەوە. وڵاتیک کە یەهودییەکان، ئەگەر نەڵێین تەنها، سەرەکیترین دانیشتوانی دەبن، لەبەر ئەوەی کە یەهودیەکان مافی ئەوەیان هەیە کە ببنە زۆرینە لەم وڵاتە بچکۆلەدا کە دوای پاشەکشێکردنی ئیسرائیل دەبێتە شتێک لە ئەندازەی یەکێک لە ئەیالەتەکانی بریتانیا. ئەمە دەبێتە شوێنێک کە هەموو یەهودە ئیسرائیلییەکان، هەموو دونیا، تەنانەت جیرانەکانیشمان دان بەوەدا دەنێن کە وڵاتی نەتەوەیی ئێمەیە. بەڵام نرخی ئەمە ئەوەیە کە فەلەستینیەکانیش دەبێت هەر بەو مافانە بگەن.

ئەوانیش دەبنە خاوەن وڵاتێک کە لە ئیسرائیل بچوکتر دەبێت بەڵام دەبێتەماڵێک، ماڵ و وڵاتی ئەوان.

بەڵام ئەوەی کە گرینگترە لە سنوورەکان، لە باسی شوێنە موقەدەسەکان کە کێشەیان لەسەرە و هەر وەها گرینگتر لە هەر باس و بابەتێکیترە، ئەوەیە کە چۆن لە گەڵ ئەو فەلەستینیانە مامەڵە بکرێت کە لە 1948ەوە کۆچیان کردوە. ئەو ئینسانانەی کە پاش سەربەخۆیی ئیسرائیل لە 1948ەوە تا ئێستا ماڵ و ژیانیان، زۆریشیان وڵاتیشیان، لە کیس چووە. دوو بەرەکییێکی قووڵ و دژ بەیەک لەسەر ئەمە هەیە کە گوناهی ئەم تراجیدیا، یان بەشی زۆری ئەم گوناهە، دەکەوێتە ئەستۆی کێ و لە کوێ دادەنرێت. لە ناو مێژوونوسانی مودێرنی ئیسرائیلدا کەسانێک دەبیندرێت کە ئەم گوناهەیان داوەتە پاڵ ئیسرائیل. لە چەند سالی داهاتوشدا لەوانەیە، هیوادارم من ئەو رۆژە ببینم، کەسانێکیش لە ناو مێژوونوسانی مودێرنی عەرەبەکاندا پەیدا ببن کە ئەم گوناهە بخەنە سەر دەوڵەتانی عەرەبی ئەوکاتەش. بەڵام بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەم گوناهە لە ئاکامدا چۆن دابەش دەکرێت، ئەم مەسەلەیە لە ڕادەبەدەر گرینگە. یەکە یەکەی ئەو فەلەستینیە کۆچپێکراوانەی کە ئێستا بێ ماڵ و بێ ئیش و بێ وڵاتن، دەبێت ببنە خاوەن ئیش و ماڵ و پاس. ئیسرائیل ناتوانێت لەمە زیاتر، ئەم ئینسانانە وەر بگرێت. ئەگەر کاری وەها بکات، ئیتر ناتوانێت ناوی ئیسرائیل بێت. بەڵام لە هەر حاڵدا ئیسرائیل دەتوانێت و دەبێت لایەنێک بێت لە

چارەسەرکردنەکەدا. هەر وەها ئیسرائیل دەبێت بەشێک لە مەسئولیەتی تراجیدیاکە بە ئەستۆ بگرێت. ئایا چەندە لە مەسئولییەتەکەی دەکەوێت، ئەمە پرسیارێکی زۆر ئاکادێمیکیانە و سوبژەکتیڤانەیە. بەڵام بەشێک لە مەسئولیەتەکە دەکەوێتە سەر ئیسرائیل. ئەو باقیەکەی دەکەوێتە ئەستۆی رێبەرانی ئەوکاتی فەلەستین (1947) و دەوڵەتە عەرەبیەکانی ساڵی 1948. ئیسرائیل دەبێت یارمەتی ئاوارەکانی فەلەستین بدات تا بگەرێنەوە وڵاتی فەلەستینی داهاتوو، سەبارەت بە کەنارەکانی چۆمی ئوردون و غەززە و شوێنەکانی تر دەبێت بڵێم کە ئیسرائیل ئەو مافەی بە تەواوەتی هەیە کە لە بەرەنبەر ئەو پرسەدا، پرسی ئەو یەهودیە دەرکراوانەی کە لە وڵاتانی عەرەبی پاش شەڕی 1948 هەموو شتێکیان لێسەندراوە و دەرکراون بهێنێێتە ئاراوە. ئەم یەهودیانە نایانەوێت بگەڕێنەوە ئەو وڵاتانەی کە لێی دەرکراون، بەڵام ئەمانە لە وڵاتانی وەک عێراق، ئێران، سوریا، یەمەن، میسرو شمالی ئافریقا هەموو شتێکیان جێ هێشتوە و هەڵاتوون، زۆر جار بە زۆر دەرکراون. ئەمانە هەمووی دەبێت حەل بکرێت.

ئەگەر من سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل بووایەتم، قەت گرێبەستی ئاشتی و سوڵحم مۆر نەدەکرد تا موشکلەی ئاوارەکانی فەلەستین بە هێنانەوەیان بۆ فەلەستین و دامەزراندنی ژیانیان سەری نەگرتبایە. هەر رێگا چارەیەک کە کار و باری ئاوارەکان نەگرێتە خۆی وەک بۆمبێکی

سەعاتی میزان کراوە. ئەمە نەک هەر لە باری ئەخلاقیەوە بەڵکو لەبەر دڵنیایی وهۆی ئەمنییەتی دەبێت ئەم موشکلە ئینسانی و نەتەوەییە لە چوار چێوەی ئەو پرۆسە خێرایەی ئاشتیدا چارەسەر بکرێت. خۆشبەختانە باسەکەی ئێمە لە سەر قارەی ئافریقا و یان هێند نییە. ئێمە قسە لەسەر چەند سەد هەزار ماڵ و ئیش دەکەین. هەموو فەلەستینیەکان بە یەکجار بێ ماڵ و ئیش و وڵات نین. بەڵام موشکلەی ئەوانەی کە ئێستا بێ وڵات و بێ ماڵ لە ئوردوگاکاندا لە نالەبارترین دۆخ و نا ئینسانیترین هەل و مەرجدا خەریکن دەڕزن، بە موشکلەی خۆم دەزانم. ئەگەر رێگا چارەیەک بۆ ئەم ئینسانانە نەدۆزرێتەوە، لەوانەیە کە ئیسرائیل قەت رووی ئارامی و ئاسایش بە خۆیەوە نەبینێت، تەنانەت ئەگەر لەگەڵ جیرانەکانیشی رێککەوتنێکی تەواویشیان ببێت.

من دەمەوێت پێشنیاری یەکەمین پرۆژەی هاوبەش لە نێوان یەهودییەکان و فەلەستینییەکان بدەم، کە خێرا بە دوای جێبەجێ کردنی جیاکردنەوەی دوو دەوڵەتیدا، بە دەستپێشخەری هەردوولا رێکەوێت. لەم پرۆژە هاوبەشەماندا ئێمە پێویستمان بە یارمەتی دەرەکی نابێت و دەبێت تەنیا بە سەرمایەی هەر دوو لا بکرێت، دولارێک بە دولارێک، سەرمایە هاوبەش دادەنین بۆ پەیکەرێک کە لەسەر رابردووی پڕ لە گەوجی و شێتیمان دروست بکرێت. لەبەر ئەوەی هەمووومان دەزانین کە ئەگەر رۆژێک گرێبەستی ئاشی لە نێوان فەلەستین و ئیسرائیل ئیمزا بکرێت، خەڵکی

فەلەستین دەبنە خاوەن خاکێکی زۆر کەمتر لەوەی کە قەرار بوو پەنجا و پێنج ساڵ پێش ئێستا وەریبگرن. پێنج شەڕ و سەد و پەنجا هەزار کوژراو لە هەر دوو لا لەم ماوەدا.

ئەمانە نەدەبوو ئەگەر رێبەرانی فەلەستین لە ساڵەکانی 1947 و 1948 فەقت بڕێک کەمتر فەناتیک و یەکلایەنە و نەساز بووایەتن و بڕیاری نەتەوە یەکگرتوەکانیان لە نوامبەری 1947 دا پەسەند بکردایە.

بەڵام ئیسرائیلیش دەبێت لەم پەیکەرەدا بەشدار بێت و یارمەتی بدات لەبەر گەوجی و فریوخواردنەکانی. چون ئێمەی ئیسرائیلیش دەمانتوانی رێککەوتنێکی باشتر و قەناعەت پێهێنەرترمان پیشان بدایەت، ئەگەر بڕێک کەمتر لەخۆبایی و سەرخۆشی قودرەت و خۆویست بووایەتین و فریوی گەورەیی و هێز و توانا و سەرکەوتنەکانی ئەرتەشمان لە ساڵی 1947 دا نەخواردایەت.

هەر دوو نەتەوەکە دەبێت بە خۆدا بچنەوە و رەخنەیەکی زۆر لە خۆیان بگرن لەسەر ئەو گەوجی و نەزانیە دوو لایەنانەی کە لە رابردودا توشی بوون. بەڵام سەرکەوتن ئەوەیە کە هۆی ئەو تاریک بینیانە و لەمپەرانە ئیتر نەماوە. ئەگەر ئێستا ریفراندومێک لە خەڵکانی نێوان دەریای مەدیتەرانە و رووباری ئۆردوندا رێبخەیت وئەم پرسیارە بخەیتە بەر راپرسی، بە بێ لەبەرچاو گرتنی ئایین یان سیاسەت و هەل و مەرجی ژیان، خاوەن پاس و بێ پاس. بە شێوەی تاکە کەسی، بێ ئەوەی کە کەس باس لە رێگە

چارەی عادڵانە بکات یان ئەوەی کە حەزی دڵی ئەوان چییە، بێ لەوەی کە کێ کە لە راستیدا بیری لە چی دەکردەوە کە کۆتایی ئەم کارە چۆن چۆنی بێت، من پێم وابێت هەشتا لە سەدی ئەو خەڵکە دەڵێت: "دابەشکردن و دروست کردنی دوو دەوڵەت". بەشێکیش لە هەر دوو لا لەوانەیە ئەمە زیاد کەن و بڵێن:"وە ئەمە یانی کۆتایی هەموو شتێک، بەراستی ناعادڵانە دەبێت!" بەڵام زۆرینەی خەڵک لانی کەم ئەمە دەزانن و ئاگادارن. ئەمەش جێگەی هیوایە. من پێم وایە ئێستا پاش سەد ساڵ بۆ یەکەم جارە کە هەر دوو خەڵکەکە، ئیسرائیلی و فەلەستینی، وان لە پێش رێبەرانیانەوە. کاتێ لە هەر دوو لا رێبەرانی ژیر و دوور دید هاتنە سەر کار و هەستان بەوەی کە بڵێن: "ئێستا رۆژیەتی! ئێستا ئەو رۆژەیە! رۆژی خەونە خۆشەکانی نێو ئینجیلە- بۆتان هەیە درێژە بە خەونە خۆشەکانتان بدەن، خەونی ئەورۆژانەی وەک پێش ساڵەکانی 1947 یان پاش 1967، چۆنتان پێ خۆشە خەیاڵی لێبکەن. خەون و خەیاڵەکانتان ئیتر سانسۆر ناکرێت". بەڵام لە دونیای واقیعدا سنورەکان دەکاتە شتێک لە قەبارەی ئەوانەی 1967 بە چەند مەتر ئەم لا و ئەو لا کە دەتوانین لەسەری رێککەوین. بۆ شوێنە موقەدەسەکان و ئەو شوێنانەی کە کێشەی زۆر لەسەرە، دەکرێت جۆرێک لە چارەسەری کراوەی بۆ دابنێن، چون تەنیا وەها چارەسەرییێک دەتوانێت لەمبارەوە وەڵامدەرەوە بێت.

لە ئێستادا رێبەرانی هەر دوو لا ئامادەن ئەمە بڵێن، بەڵام لەوانەیە کە خەڵکەکەیان لە ئامادە بوونێکی ناخۆش و ناعیلاجیدا ببینن نەک ئامادەیەکی سەرکەوتوانە بۆ ئەم شتە. بەڵام لە هەر حالدا ئامادەن، زۆرتر لە هەمیشە ئەو ئامادەگیەیان تێدایە. ئامادەن بە تەواوی ناخۆشیەکانیانەوە، ئامادەیەکی ئازاراوی و برینکولێنەر، بەڵام ئامادە.

ئەمەوێت دوایین لێکدانەوە بدەم. ئێوە چ دەتوانن بکەن؟ رای گشتی چ دەورێک دەبینێت؟ ئوروپاییەکان چییان لەدەست دێت؟ دونیای دەرەوەی ئەم بازنە چ دەتوانێت بکات، جگە لەوەی کە سەر راوەشێنن و بڵێن: "زۆر ترسناکە!" لە راستیدا بڕێک کار دەتوانێت بکرێت. یەکەم ئەوەی مەیلێکی ناشرین وەک نوێنەرایەتی بۆچوونی زاڵ بە سەر هەموو ئوروپادا لە هەمو ئوروپادا هەیە، کە وەک مدیری خوێندنگە کۆنەکان، پەنجەی هەڕەشە بۆ ئەم یان ئەو باڵ رادەکێشێت و دەڵێت: "تەریق نابنەوە لە خۆتان؟" من زۆر جار لە رۆژنامەی وڵاتە ئوروپاییەکاندا ئیدیعای ناشرین دەربارەی ئیسرائیل یان عەرەبەکان و ئیسلام دەبینم.

بیرگەلی کورت و پەست و خۆ بە بەرحەقزانانە. من ئێستا ئیتر تەنیا کەناڵی پێوەندیم بە ئوروپاوە ئەو ئازارانەیە کە دایک و باوکم و پێشینیانیان لە ئوروپا چێشتویانە و وەک ژێنێک بۆ من جێماوە و بووەتە هۆی دروست بوونی هەستێک لە عەشقێکی بێوەڵام بۆ ئوروپا لە لای من. بەڵام ئەگەر من لە جێگەی ئوروپاییەکان بوایەتم، ئیتر پەنجەی

هەڕەشەم بۆ هیچ کەس ڕانەدەکێشا. بە جێگەی پەنجەی هەڕەشە ڕاکێشان بۆ ئیسرایلییەکان و فەلەستینیەکان، ئەوەی لە دەستم دەهات دەمکرد بۆ ئەوەی ئەو دوو لایەنە هان بدەم بۆ ڕێککەوتن و دانی ئەو بڕیارە تاڵە مێژووییەیان. لە ڕێگەی واز پێهێنان لە ناوچە داگیرکراوەکان و گواستنەوەی زۆربەی دانیشتوانی لەوێ، نەک هەر ئیسرائیل ناچار بە پاشەکشێ لە پلانی خۆی دەکرێت و کێشەی نێوخۆیی و درز تێکەوتنی تێدا دروست دەبێت، بەڵکو ئەمە لەوانەیە ئیسرائیل توشی مەترسیێکی زۆر گەورەی ئەمنییەتیش بکات، نەک لە لایەن خودی فەلەستینیەکانەوە، بەڵکو لەوانەیە لە داهاتودا عەرەبە توند ڕەوەکان لە خاکی فەلەستینەوە هێرش بکەنە سەر ئیسرائیل، بۆیە پاشەکشێکە لە بەرینترین شوێنیدا نابێ لە دوازدە کیلومەتر زیاتر بێت. ئەمەش یانی ئەوەی کە لە سنوری دەوڵەتی فەلەستینی داهاتوەوە تا تاقە تەیارەخانەی نێونەتەوەیی ئێمە تەنیا حەوت کیلومەتر مەودا دەبێت. شوێنی ژیانی فەلەستینیەکانیش لەوانەیە تا شوێنی ژیانی دوو لە سێی حەشیمەتی جوی خەڵکی ئیسرائیل تەنیا بیست کیلومەتر دوور بێت.

لەوانەیە قودس بکەوێتە سەر سنور. ئەمەش بڕیارێکی ئاسان نابێت بۆ ئیسرائیلیەکان، بەڵام دەبێت بکرێت. فەلەستینییەکانیش بەشبەحاڵی خۆیان بەشگەلێک لە خاکەکەیان لە کیس دەچێت کە پێش ساڵی 1948 هی ئەوان بووە، ئەمەش ناخۆشە. ماڵئاوا "حەیفا" و "یافا" و "بئرالسبع"

و زۆر لە شارەکان و گوندەکانی تر کە سەردەمێک عەرەبی بوون، بەڵام ئیتر فەلەستینی نین و نابن. لەوانەیە ئەمەش تاڵ و سوتێنەر بێت. بۆیە دەڵێم ئەگەر ئێوەش تەنیا تۆزێک یارمەتی و هاوخەمی لە خۆتاندا شک دەبەن، ئێستا رۆژیەتی وەرن و بیخەنە بەردەس بۆ هەر دوو نەخۆشەکە. سەردەمی هەڵبژاردنی لایەنێک، ئیسرائیل یان فەلەستین، نەماوە و کاتی ئەوەیە کە دەبێت لایەنگری لە ئاشتی بکەن.

## خۆشیە شاراوەکان

شەرمەزارییەکی گەورەیە بۆ نوسەرێک کە قسە لەسەر نوسراوەی خۆی بکات. چەند ساڵێک پێش ئێستا کتێبێکی منداڵانم نوسی بە ناوی "سومکی" (Soumci)، کە زۆر شەخسی و لە زبانی یەکەم کەسەوە، لەوێدا بەشێک لە

منداڵی خۆمم ئاشکرا کردوە. جارێکیان وتووێژێکم لەگەڵ کرا و داوام لێکرا کە: "بەڕێز عوز دەتوانن لە زبانی خۆتانەوە پێمان بڵێن کە کتێبەکەتان باس لە چی دەکات؟"

ئەمەش موشکلەیەکی سەرەکییە لای من کە دەبێت بە زبانی خۆم لەسەر نوسراوەکانم بدوێم و هۆی نوسینەکانیان باس بکەم. من نامەوێت توێژینەوەم ببێت، هەوڵی تەداخول لە کاری پسپۆڕاندا نادەم، تەنانەت هەوڵی خۆ هەڵکێشان نادەم و باس لە سەرکەوتنەکانی بواری نوسەری خۆم ناکەم. بە جێگەی ئەوانە دەبێت بەسەرهاتەکان و هۆگەلێک کە منیان کردە نوسەر بگێڕمەوە، چۆن دەنوسم و چۆن زاڵم بەسەر نوسیندا، چۆن جار جار هەست بە بێدەسەڵاتی یان شادی دەکەم.

من بە ئاسانی لە بابەت لادەدەم، بۆیە لەوانەیە دەسپێکی ناساندنەکانم ئازاری لادانەکانمی پێوە دیار بێت. ئێستا، یەکەم باسی کامەرانی و خۆشی دەکەم. کاتێ کە دوازدە ساڵێک تەمەنم بوو، چوومە مەدرەسەیەکی ئایینی کوڕانەی یەهودی کە هەرە پاکپەرستانە و زۆر ویکتۆریانە بوو- تەنانەت ئەگەر ئینسان نەیشیزانیبایێت کە مەلەکە ویکتۆریا کێیە. رۆژێکیان پەرەستاری مەدرەسەکە، بەغیرەتترین ژنێک بوو کە تا ئێستا من بینیومە، هات و هەموو کلاسەکەی ئێمە کە سی یان چل کوڕ بووین لە ژوورێکدا کۆی کردینەوە. پاشان پەنجەرە و درگاکەی داخست و بۆ ماوەی دوو سەعات دەستی دایە ئاشکرا کردنی

شاراوەکانی ژیان، چۆنییەتی کاری ئەندامەکان، چی بەکەڵکی چی دێت و کامە بۆ کامە دروست کراوە، بە گشتی هەموو تەپڵ و جوزەلەکانی باس کرد. جوان لە بیرمە کە ئێمەش هەموومان رەنگمان زەرد و واقمان وڕ و توشی سەرسوڕمان بووبووین، کاتێک ئەو شەرحی میکانیزمی شوێنە خەتەرناکەکان و هەر وەها باسی ئەو دوو دێوەزمەی ژیانی سێکس، ئەلقاعیدە و حیزبوڵلای سێکس، یانی سکپڕبوونی نەخوازراو و نەخۆشێنە جنسیەکانی دەکرد. لە بیرم دێت کە ئێمە خەریک بوو دەبورواینەوە کە من هەستام و لە ژوورەکە چوومە دەرەوە و ئەم پرسیارەم لە خۆم کرد: "باشە، من لە تێکنیکەکە و شێوە کارەکە تێدەگەم، بەڵام بۆ دەبێت کەسێک کە خاوەن هۆش و هەستی تەواوە خۆی تووشی وەها شتێک بکات؟" پەرستارە بەغیرەتەکە کە هەموو شتێکی شەرح کرد بە ئاشکرا باسی لەوە نەکرد کە ئەم شتە بەم ئیعتبارەوە چێژیشی لە گەڵدایە. لەوانەیە ئەو نەیدەزانی. بەڵام کاتێک دەبیسم کە نوسەرێک باس لەو ئازار و دەرد و ناخۆشیانە دەکات کە لەگەڵ نوسراوەکەیدا دێت، من دەخاتەوە بیری پەرەستارە بەجەرگەکە. من خۆم لەبەر فەقیری و تەنیایی و دۆندرمە(cream Ice) بووم بە نوسەر. من تەنیا مناڵی بنەماڵەیەکی لای خواروی مامناوەندی، بنەماڵەیەکی زۆر فەقیر لە ئورشەلیم بووم. باوکم لە کتێبخانەی گشتی ئیشی دەکرد و دایکیشم جار و بار وانەی تاریخ و ئەدەبیاتی بە شێوەی شەخسی دەگوتەوە. ئێمە لە شوقەیەکی( ئاپارتمان)

بچوکدا دەژیاین کە لە ژێردەریای دەچوو، پڕ بوو لە کتێبگەلی جۆراوجۆر بە زۆر زبان، بەڵام شتێکی تری وەهای جگە لەو کتێبانە تێدا نەبوو. باوک و دایکم زۆرتر هاورێکانیان لە کافە دەدیت و منیش دەبووا لەگەڵیان بوایەتم، چون من تەنیا منداڵیان بووم و نەدەکرا بە تەنیا لە ماڵەوە جێم بهێڵن. ئەوان پییان دەوتم کە ئێمە دەبێت لەگەڵ هاورێکانمان قسە بکەین، تۆش دەبێت بە ئەدەب رەفتار بکەیت. ئەگەر من بە قسەیانم بکردایە ئەوە خەلاتەکەی دۆندرمەم وەردەگرت.
لە ئورشەلیمی ئەو کاتەدا دۆندرمە دەگمەنتر لە ئاشتی ئەمڕۆی رۆژهەلاتی ناوەڕاست بوو. دۆندرمە(بەستەنی) ئێعتبار و ئەفسانە بوو، تەنیا کەسانی زۆر دەوڵەمەند دەیانتوانی بیخۆن. من حەزم لە دۆندرمە بوو، بەڵام وتووێژەکانی ئەوانیش درێژخایەن بوو، حەوت رۆژ و شەوی دەخایاند، لانی کەم لای من وا بوو. منیش مەجبور بووم شتێک بکەم بۆ ئەوەی نەقیژێنم یان شێت نەبم. بۆیە وەک پشکێنەرێکی بچوک لەوێ دادەنیشتم وهەموو روداوەکانی نێو کافەکەم دەخستە ژێر چاودێری – خەڵکێک کە دەهاتن، خەڵکانێک کە دەرۆیشتن ... وەک "شێرلوک هۆڵمس" ێکی (Sherlock Holms ) بچکۆلانە سەرنجی هەموو شتێکیانم دەدا، جلەکانیان، سەروچاویان، قیافەکانیان، کەوش و دەسکێشەکانیان و زۆر جاریش بڕێک لە بەسەرهاتەکانی ئەو ئینسانانەم دەست دەکەوت، کێ لە کوێوە هاتوە، چ جۆرە پێوەندییەک هەیە لە نێوان ئەو دوو ژنە و

پیاوەکەدا کە لەو سەرەوە لە سوچەکەدا دادەنیشن، ژنەکان جگەرە دەکێشن بەڵام پیاوەکە ناکێشێت، ئەو ژنەیان زۆر ناوچاو تاڵ دیارە، پیاوەکە تەقریبەن هیچ ناڵێت، یەکێک لە ژنەکان یەکسەرە قسە دەکات، ئەویتریان زۆرتر بێدەنگە. من مەجبور بووم کە داستانێک بدۆزمەوە. یان ئەمە - گەنجێکی باڵا بەرزی قۆز کە ترسێنەر دەهاتە بەرچاو، لە پەنای درگاکەدا دادەنیشت و رۆژنامەیەکی لەبەردەم خۆیدا دەگرت، بەڵام نەیدەخوێندەوە. بەوردی سەیری بەر درگاکەی دەکرد و چاوەڕوان دەبوو. سەعاتێک دەرۆشت، دوو سەعات دەرۆشت، خۆ چاوەڕێی دۆندرمەکەی من ناکات، وایە چاوەڕێی کەسێکە. من دەمتوانی بیهێنمە بەرچاوی خۆم کە ئەو چاوەڕوانی کێی دەکرد و بۆچی. بەم شێوە فێربووم کە بە سەیری خەڵک کردن و هەستلێدان و خەیاڵکردن تەنیاییەکانم بڕەوێنمەوە. جار جار دەمتوانی پارچە گەلێک لە وتووێژەکان ببیسم و وەک جاسوسێکی ئەمنیەتی ئەو پارچە بچوکانە پێکەوە بنوسێنم و داستانێکیان لێ ساز بکەم. دەبێ ئیقرار بکەم کە من ئەمڕۆش هەر ئەو شێوە بەکار دێنم کاتێک کە دەبێت کاتەکە تێپەڕێنم، لە تەیارەخانە یان لە ژووری چاوەڕوانی لای دانپزشکێک یان کاتێک لە سەرەدا وەستاوم. من بە هاسانی کاتێک رۆژنامە دەخوێنمەوە یان تەنانەت کاتێک سەرم دەخورێنم، دەتوانم بچمە ناو فانتازیەوە. بەشێک لە فانتازییەکانم ئیتر وەک سەردەمی منداڵی و کاتی فانتاسی دۆندرمەکان، پاک و خاوێن نین بەڵام لە هەر حاڵدا

هێشتا هەر دەچمە فانتازییەوە. وە دەتوانم بڵێم کە خەیاڵ کردن کارێکی بە سودە بۆ کات بڕین، نەک هەر بۆ ئەو کەسەی کە خەریکی نوسینی رۆمانە، نەک هەر بۆ نوسەرەکان بەڵکو بۆ هەمووومان پێویست و بە سودە. ئەمە بەردەوامە لە سوچی هەموو رێگاکاندا، لە سەرەی سوار بوونی پاسەکاندا، لە هەموو ژوورێکی چاوەڕوانیدا، لە هەموو کافەیەکدا ...

بەشێکی وەها گەورە لە ئینسانییەت هەمو رۆژێک دەکەوێتە بەرچاومان، بەڵام ئێمە سەرنجی زۆربەی نادەین، تەنانەت لایشی لێ ناکەینەوە، ئێمە تارماییەکانیان باشتر لە ئینسانە راستەقینەکان دەبینین. ئەگەر ئینسان سەرنج و تێبینی لەسەر نەناسراوەکان بکاتە عادەتی خۆی، ئەگەر تۆزێک شانسی ببێت، دەتوانێت بە فانتاسی کردنی کردەوەی ئینسانەکان لە گەڵ یەک و شێوەی پێکەوەنانیان دەست بداتە نوسین و ئەم کارەش ئاکامی دەبێت. ئەگەریش بەوە نەگات لانی کەم ماوەیەکی پێ رابواردوە یان دۆندرمەیەکی وەرگرتوە. ئەمە کات بە فیڕۆ دان نییە.

هۆیێکی تر کە منی کردە نوسەر، ئەوە بوو کە من سەر بە بنەماڵەیەکی کۆچەری تێکشکاو بووم. هەموو کەس و کاری باوکی و دایکیم لە ئورووپاییە بە ئەمەگەکان بوون. ئەوان بەڕاستی ئورووپایان خۆشدەویست. هەموویان زبان و مێژووی ئورووپایان دەزانی، کولتووری ئورووپایان دەناسی و لەرادە بەدەریش ئورووپایان خۆشدەویست. بەداخەوە لە ساڵەکانی بیست- و سی وەها بوو کە ئەوان مەجبور کران کە

ئوروپا جێبهێڵن، ئەو یەهودیانەی وەک باوک و دایکی من و کەس و کاریان تاقە ئوروپاییکی راستەقینەی پێکهێنەری خەڵکی ئوروپا بوون. ئەوانیتر پان- ئەڵمانی یان پان- سلاویسک یان پرتەقاڵیە پاتریوتیسکەکان بوون. باوکم جار و بار بە گاڵتەوە دەیگوت کە سێ نەتەوە لە چێکوسلۆڤاکی بوون، چێکەکان، سلۆڤاکیەکان و چێکوسلۆڤاکییەکان، کە ئەمەی ئەخیریان ئێمەی یەهودەکان بووین. لە یوگوسلاویش نۆ نەتەوە دەژیان، سێربەکان، کرواسییەکان و مونتێنەگرۆییەکان و هتد، هەر وەها یوگوسلاویەکان کە ئێمەی یەهودەکان بووین. لە ئینگلستان ئینگێلسی و والسارە و سکاتەکان – وە بریتانیەکان کە ئەمەش هەر یەهودەکان بوون. بەڵام ئەشق و خۆشەویستی ئەوان بۆ ئوروپا وادیارە بێ وەڵام ماوەتەوە. بەختەوەرەکانیان لە ئوروپا فرێدرانە دەرەوە و بێ شانسەکانیشیان بە زیندویی لە ئوروپا دەرنەچوون. بەڵام دایک و بابی من خۆشەویستیە وردوخاشکراوەکەیان لەگەڵ خۆیان هێنا بۆ ئورشەلیم. کتێبەکان، بیرەوەریەکان، بیرۆکەکان، دیمەنەکان و موسیقا و تاسەکانیان. من خۆم هەست بە تاسەکانیان دەکەم ئەگینا ئەوان نایانەوێت کە باری خەمی من بە تاسەکانیان قورس بکەن. ئەوان نایانەوێت قورسایی ئەو ئەوینە سوتێنەرەیان بۆ ئوروپا بخەنە سەر شانی من. ئەوان دەیانەوێت کە من دەستپێکێکی نوێ بم، وەک زۆربەی ئەو باوک و دایکە ئیسرائیلیە - یەهودانەی ئەمڕۆ کە ئاواتی وەها شتێک بۆ مناڵەکانیان

دەخوازن. ئەوان زمانناسگەلێکی شارەزان. باوکم دەیتوانی شازدە یان حەڤدە زمان بخوێنێتەوە. ئەو دەیتوانی بە دیالێکتێکی زاڵی روسی بە یازدە زمان قسە بکات. تەنانەت لە عەرەبی قسەکردنەکەیشیدا دیالێکتی روسی زاڵ بوو. دایکم شەش یان حەوت زمانی دەزانی. ئەوان بە روسی یان پۆلەندی لە ناوخۆیاندا قسەیان دەکرد. ئەوان لە بواری کلتوریدا ئاڵمانی و فەرانسی و ئینگلیسیان دەخوێندەوە. من پێم وابێت کە ئەوان خەونیان بە زمانی "ییدیش" ەوە ( Jiddisch) دەبینی، بەڵام تەنیا عیبریان فێری من کرد، رەنگە لەبەر ئەوەی دەترسان کە من فریوی مەکر و دڵرفێنی کوشندەی ئوروپا بخۆم و سەفەر بکەم بۆ ئەوێ و ئوروپاییەکان بمکوژن. ئەمە بەسەرهاتی من بوو.ساڵیانێک باوک و دایکم بە یەکتر و بە منیان دەوت کە رۆژێک، ئەگەر لە تەمەنی ئەواندا نەبێت لە تەمەنی مندا، ئورشەلیم پێشدەکەوێت و دەبێتە شارێکی راستەقینە. من هیچیان لێ تێنەدەگەیشتم. لە لای من ئورشەلیم تا ئەو رادەی کە دەکرا واقیعی بوو. تاقە شوێنی واقعی بوو. شوێنی لە دایک بوونی منە. شوێنەکانی تر لە لای من واقعیەتیان نەبوو. بەڵام ساڵیانێکی زۆر پاش ئەوە تێگەیشتم کە مەبەستی دایک و باوکم لە "شاری راستەقینە" چییە. شارێکی راستەقینە دەکەوێتە نێو بازنەیەک لە جەنگەڵێکی چڕ و رووبارێک بە پردگەلێکی جوانەوە بە نێویدا دەڕوات. ئەوان بە هیوا بوون کە وردە وردە ئەمانە ببێتە بەشێک لە ئورشەلیم: جەنگەڵ.

رووبار و پرد. ئەمە بەسەرهاتێکی تاڵ و خەمگینی لە پشتدایە. ئەمە تەوسدار بوو: کاتێک باوکم گەنج بوو لە لیتوانی ( لیتوانیا)، باوکم خەڵکی روسییەیە بەڵام بنەماڵەکەی هەڵدێن بۆ لیتوانی کە ئەو کاتە بەشێل لە پۆلەند(لەهستان) بوو، شانسیان بووە کە دەرکراون، پاشان چارەنوس لە سەرەتای ساڵەکانی 1930 دا دەیان گەیێنێتە فەلەستینی ئینگلیسیەکان. بەڵام لە دەورەی ئەودا هەموو ئوروپا پڕ لە دروشمی: یەهودەکان، بچنەوە بۆ ماڵی خۆتان فەلەستین. کاتێک پاش چەند دەیە سەفەرێک دەکات بۆ ئوروپا، ئەمجار ئەم دروشمانە ئوروپای داپۆشیبوو: یەهودەکان، فەلەستین چۆڵ کەن.

بەڵام راستی ماڵی ئێمە کوێیە؟ لەوانەیە هیچکوێ ماڵی ئێمە نەبێت. وەڵامێکی سادەی رەش و سپی بۆ ئەمە یان شتی تر نییە. من لە کەشوهەوایەکدا گەورە بووم کە مۆرکی دوودڵی و فرەواتایی خواردوە، تێکەڵاویی هەستەکان، پێوەندیەکانی رقی خۆشەویستی و عەشقە بێ وەڵامەکان. وە دەورۆبەریشم پڕ بوو لە ئینسانگەلێک کە بووبوونە "ژێروژوورکەرانی دونیا"، ئیدالیستەکان، ئیدئولۆگەکان، هەموویان بە بۆچوونی کەسیی خۆیانەوە لەسەر رزگارکردنی خێرای دونیا بوون. هەموویان لە رادەبەدەر قسەیان دەکرد و هەرگیز کەس گۆیی نەدەگرت. دراوسێتی لە سەر شێوەی تۆلستۆیستی دامەزرابوو- بەم شێوە کە ئەو کەسانەی بڕوایان بە فەلسەفەی "تۆلستۆی" بوو زۆر

جار رواڵەتیشیان وەک ئەو دروست دەکرد و بە شێوەی ئەو جلیان لەبەر دەکرد. ریشێکی سپییان دادەنا و بە جۆرە پاڵتۆیێکی درێژەوە هاتوچۆیان دەکرد کە کەمەرەکەیان بە حەبلێک دەبەست. ئەمانە زیاتر لە خودی تۆلستۆی لە تۆلستۆی دەچوون. من کە یەکەم جار وێنەیەکی تۆلستۆیم لە پشت رۆمانێکیدا بینی، هاتمە ئەو قەناعەتە کە تۆلستۆی دەبێت خەڵکی گەرەکەکەی ئێمە بێت. ئایا من ئەمەم چەندین جار نەبینیوە؟ لەوانەیە کە نەک هەر خۆی بەڵکو بنەماڵەکەی و براکانیشیم بینی بێت؟ ئەو یەکێک لە ئێمە بوو. کە وابوو ئەوانیش تۆلستۆیەکانن، بەڵام زۆرێک لەوانە تۆلستۆیک بوون کە رێک لە رۆمانێکی داستاڤیسکیەوە دەرهاتبوون، چون لە ئازارێکی رۆحیدا دەژیان و پڕ بوون لە ئاڵۆزی و دژوتار، تورەیی و ناتەبایی. شوێنی ئەم جۆرە تۆلسۆیە داستاڤیسکیانە لە راستیدا دەکرا لە چیرۆکێکی "شۆخۆڤ" دا بێت. لە راستیدا ئەوە مۆرکی رۆحی شۆخۆڤی بوو کە لە دراوسێتی دەدرا نەک تۆلستۆی یان داستاڤیسکی. لە وێدا تاسەی شوێنێکی لە دوور دەبیندرێت. لەودیو ئاسۆوە شوێنێکی خۆشەویست هەیە بەناوی موسکۆ. موسکۆ، موسکۆ. بەڵام ئەو موسکۆ دەیتوانی "برلین" یان "ویەن" یان "پاریس" یان "وەرشۆ" یان هەر شوێنێکی تر بێت. ئەو موسکۆی ئەودیو ئاسۆوە نەیوویست شتێک لە خەڵکی یەهود بزانێت. ئەو دەیەووست ئەوان لەدڵ دەرکات، هەستیان پێ نەکات، تەنانەت زۆر جار لەم دونیاش دەری کردن. لای ئەو

خەڵکەش گران بوو کە باری خۆشەویستی وەها کلتوورێک کە بەجێیان هێشتوە بیخەنە سەر شانی خۆیان و ئیعترافی پێبکەن.

سەردەمی منالّی من ئورشەلیم شارێکی تێکەڵاو بوو. کێشە و ناتەبایی رۆژانەی زۆری تێدا بوو. تێکەڵاوێک لە بەشگەلی وەک گەڕەکی عەرەبەکان، یەهودەکان، ئەرمەنیەکان و کۆلانی ئالّمانییەکان وهەروەها مێتینگەکانی (کۆلۆنی) ئەمەریکییەکان و یونانیەکان- یەکێک لە شارە نێونەتەوەییە بچکۆلەکانی جیهان بوو- لەڕاستیدا شتێکی زۆریش نەبوو شارێک ئاوەڵا بۆ تێکەڵاو کردن و پێکەوە نانی دراوسێتی. لە نێوان ئەو گەڕەک و بەشانەدا مەزرا و زەوی ئاوەدان نەکراوە بوو. لە هەموو بەشەکانیشدا خەڵکەکە شێوەی ژیان وجل پۆشین و زمانی تایبەتی خۆیان بەڕێوە دەبرد. لە نێوانیاندا دانوستاند هەبوو. لە چلەکاندا شۆر و شۆقێک لە ژیانی رۆژانەی خەڵکدا بوو بەڵام هیچ زەبر و زەنگێک نەبوو. هەموو کەسێک بڕوای بەوە بوو کە ئەوانیتر لە رابردووی خۆیاندا دەژین. تەنیا خالّی هاوبەشیان، پشکۆی شاراوەی بڕوا بە ماشێح یان مەسیحی(Messiah) رزگاری بوو.هەموویان لەسەر ئەو بڕوا بوون کە ئەوان میرات بەرانی راستەقینەی ئورشەلیم و ئەو ئایینە راستە و بڕوا دروستەن. هەموویان وایان دەزانی کە ئورشەلیم بەراستی مالّی ئەوانە و کەسەکانی تر تەنیا دلّیان بە رابردویان خۆشە و لە رابردودا دەژین. سەرجەم هەموویان

ئورشەلیمیان بەماڵی راستەقینە خۆیان دەزانن. ئەم ئازار و مەینەتە دینیە و ئەو شۆروشەوقانەی کە لە نێوان ئاراستە جۆراوجۆرەکانی باوەڕەکاندا هەبوو، وایکرد کە یان ئینسانەکان توشی نەخۆشی دەرونی دەبوون یان لە باری هۆش و هەستەوە پیش دەکەوتن دەبوونە ئینسانێکی خۆشڕوو و کراوە. ئینسان مەجبور بوو کە هەستێکی رێژەیسم لە خۆیدا پەروەردە بکات. تێروانینێک کە هەمووان خاوەن رابردو و بەسەرهاتێکن، بەڵام هیچ بەسەرهاتێک بایەخی لەوانیتر زیاتر یان قەناعەت پێهێنەرتر نییە.

بەسەرهاتێکی کۆنم بیرکەوتەوە کە لەوێدا کەسێکی خەڵکی ئورشەلیم لە کافەیەکی بچکۆلانەدا دادەنیشێت و لەگەڵ پەنادەستەکەی کە پیاوێکی پیرە دەست دەکات بە قسەکردن. وا دەردەکەوێت کە ئەو کابرا خودایە. سەرەتا کابرا بڕوا ناکات، بەڵام پاشان کە نیشانەگەلێک پیشان دەدات، کابرا قانع دەبێت کە ئەوە خودی خودایە کە بەرانبەری دانیشتوە. کابرا پرسیارێکی زۆرگرینگی هەیە و دەیەوێت ئاراستەی خودای بکات. کابرا دەڵێت: "خوای بەڕێز، تکایە یەکجار بۆ هەمیشە بە هەمووان بڵێ و بۆمان روون بکەوە با بزانین بڕوای کام لا راستەقینەیە؟ ئایا کاتولیکەکانی رۆم یان پروتۆستانەکان یان رەنگە یەهودەکان، یان موسڵمانەکان؟ دین و باوەڕی دروست بەڕاستی لای کامیانە؟" لەم چیرۆکەدا دەڵێت کە خودا ئاوەها وەڵام دەداتەوە: "کوڕی من ئەگەر راستت دەوێت، من ئایینی نیم.

من قەت ئایینی نەبووم، من تەنانەت مەیل و حەزیشم بۆ ئایین نییە."

لە سەردەمی دەسەڵاتی بریتانیاییەکاندا لەم وڵاتە، من میر منداڵێک بووم. یەکەم وشەگەلی ئینگلیسی، پێش ئەوەی لە مەدرەسە دەرسی ئینگلیسی بخوێنین، کە فێر بووبووم، جگە لە "ja" و "no"، ئەوە بوو کە "بریتانیاییەکان، بڕۆنەوە بۆ ماڵی خۆتان"، لە سەردەمی ئینتیفازەی ساڵەکانی1947-1945 کاتێ کە بەردمان حەوادەدا بۆ هێزەکانی بریتانیایی لە ئورشەلیم ئەمەمان دووپات دەکردەوە. من چۆن دەمتوانی خۆ لە دروست بوون و بەهێز بوونی هەستێکی رێژەییانە بپارێزم، روانگەیەک کە پڕبێت لە تەوس و تانەی خەمگینانە بۆ ئەوەی کە چۆن داگیرکراوێک دەبێتە داگیرکەر و چۆن زوڵم لێکراوێک دەبێتە زاڵم، چۆن بە ئاسانی قوربانیەکەی دوێنی دەتوانێت ببێتە ئەشکەنجەکاری ئەمڕۆ، چەن بە ئاسانی ئەم جێگەگۆرکێی رۆڵانە دەکرێت؟

پێش 1948 ماڵە عەرەبی زۆرتر لە بەشی رۆژئاوای ئورشەلیم دەژیان. پاشان کە گەمارۆدان و راوەدوونان دەستی پێکرد، بەشی یەهودی ئورشەلیم لە لایەن ئەرتەشی ئوردون و میسرەوە لە رێگەی زەوی و هەواوە بومباردمان کرا، کە ئاگرەکە نیشتەوە عەرەبەکان لە بەشە یەهودیەکاندا نەمان. بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەم حەقیقەتەی کە من بۆ خۆم تێگەیشتنێکی بنداکوتراوم لەسەر ئەمە هەیە کە باری خەتاکەی ساڵی 1948 لە ئەستۆی کێیە، بە بڕوای من

دەوڵەتانی عەرەبین، ئەمە بۆ من وەک کەسێکی دانیشتوی ئورشەلیم گرینگ نییە. گرینگ ئەسڵی تراژدیاکەیە. بە بێ لەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە ئایا دەوڵەتانی عەرەبی خەتاکارن یان سەهیونیستەکان، یان هەر دووکیان، ئەم راستییێکی حاشا هەڵنەگرە کە سەدان هەزار فەلەستینی لە ساڵی 1948 دا بێ خانومان کران و بەرپرسایەتی ئەمەش دەکەوێتە ئەستۆی هەموویان. من دەزانم کە هەر وەها نزیکەی یەک میلیۆن یەهودی رۆژهەڵاتی هەر ئەو ساڵە لە وڵاتانی عەرەبی دەر کران و گەیشتنە ئیسرائیل، بەشێکی زۆر لەوانە لەو ماڵانەدا نیشتەجێ بوون کە پێشتر هی فەلەستینیە عەرەبەکان بوون. ئەم یەهودە کۆچەرە بەزیندو دەرچوانە لە عێراق و ئافریقای شمالی، میسر، سوریە و یەمەنەوە هاتبوون و بۆ ماوەی سێ، چوار یان پێنج ساڵ لە شوێنی موەقەتدا دەژیان و پاشان ماڵ و کار و ژیانیان بۆ دابین کرا، لە حاڵێکدا فەلەستینیە ئاوارەکان نەبوونەتە خاوەن هیچ یەک لەمانە. بۆیە پرسەکە هەروا کراوە و ئازارئاوی ماوەتەوە. من وەک مێژوو نوسێک و رۆماننوسێک، واتێدەگەم کە ئەمە مێژوویێکی رەش و سپی نییە. ئەمە باسی پیاو چاکەکان و پیاو خراپەکان ناکات. ئەمە فیلمی وێستێرن نییە. ئەگەرچی من زۆر جار کەسانێک لە ئوروپا دەبینم کە زۆر کەم تەحەمولن و لە هەر روداو و بەسەرهاتێکدا، لە هەر کێشەیەکدا هەمیشە دەیانەوێت بزانن کە کێهایان "باشەکانن" و کامانەیان "خراپەکانن"، لە کام لایان دەبێت پشتیوانی بکرێت و کام لایان دەبێت دژایەتی

بکرێت، بەڵام من لە رووی ئەزمونێکەوە کە هەمە بەم ئاکامە گەیشتووم کە کێشەی یەهودە ئیسرائیلیەکان و فەلەستینیە عەرەبەکان ناچێتەوە نێو خانەی "چاک و خراپ" و باسی ئەوە ناکات. ئەمە تراجیدیایەکە، شەرێکە لە نێوان حەق و حەقدا. من زۆر جار ئەمەم دووپات کردوەتەوە و لەسەر ئەمەش لە لایەن گەلێک لە یەهودیەکانی دەسەڵاتی ئیسرائلەوە بە "خائینی رەسمیّ" ناوزەد کراوم. هاوکات هەرگیز نەمتوانیوە بە تەواوەتی هاوڕییانی عەرەبم رازی بکەم، بەشێکی لەبەر ئەوەی ئەوان وادەزانن کە هەڵوێستەکانی من رادیکاڵ نیین یان بەئەندازەی پێویست تێکۆشەرانەی پان-فەلەستینی یان پان عەرەبی نییە. لە راستیدا، من لەم کەشو هەوای دوودڵییە هەست بە جۆرێک راحەتی دەکەم.

رەنگە عاقلانە بێت کە بە گومانەوە ئەم پرسیارە بێنینە گۆڕێ کە رۆماننوس یان گێڕەرەوەیەک چ مافێکی هەیە بۆ دەربڕینی بۆچونەکانی، یان چەندە شایانی ئەم کارەیە؟ ئایا شتیك هەیە کە نوسەر یان گێرەرەوەیەک باشتر لە شۆفێر تاکسیێک یان مامۆستای کامپیوترێک یان تەنانەت سیاسەتمەدارێک بیزانێت؟ بەڵێ. وەڵامی سادە بۆ ئەم پرسیارە ئەوەیە کە من خەڵکی وڵاتێکم کە هەمووان باس لە هەموو شتێک دەکەن، کە وابوو بۆچی من وا نەکەم؟ من خەڵکی وڵاتێکم کە لەوی هەموو شۆفێرتاکسیەک بەتەواوی دەزانێت کە چۆن دەبێت ولاتەکە و هەموو جیهان بەڕێوە ببرێت، ئیتر بۆچی من نەتوانم؟ ئەگەر ئێوە ئەمە وەردەگرن،

ئێستا منیش برِێک خوێی تێدەکەم و دەڵێم کە من ئەتوانم بڵێم کە ئیسرائیل نە وڵاتە و نە نەتەوە. ئەمە کۆمەڵێک بەڵگە و باسی پڕ لە زەبر و زەنگ و هەراوهوریایە، سمینارێکی سەرشەقامە کە هەمیشە لە رۆشتندایە. هەمووی ئەبۆڵێنێت، گشتی پێیوایە کە هەموو شتێک بە باشی دەزانێت. من پێموایە جۆرە ئەنارشییێکی چڕ نەک هەر لە ئیسرائیل بەڵکو لە کولتوری هەموو یەهودەکاندایە. ئەمەش لەبەر ئەوە نییە کە یەهودەکان قەت پاپ یان رێبەرێکی وایان نەبووە. ئەگەر کەسێک خۆی بکردایەتە پاپی یەهودەکان هەمووی دەچونە پێشەوە لێی و ئەیاندا بە شانیا و دەیانچپان بە گوێیدا: "سڵاو پاپ، تۆ من ناناسی، منیش تۆ ناناسم، بەڵام باوکم و مامت رۆژگارێک لە شوێنێک لە "مینسک" یان لە "کازابلانکا" پێکەوە ئیشیان دەکرد. بۆیە ئێستا تۆ دەبێت پێنج دەققە بێدەنگ بیت و جارێکیش ئیزن بدەیتە من کە روونی کەمەوە بۆ خەڵک کە لە راستیدا خودا جێ لە ئێمە دەوێت". ئەمە شتێکە کە بە رەگی کولتوری یەهودیدا بە قووڵی رۆچووە.
یەهودەکان هەر لە رۆژی هەوەڵەوە تێگەیشتنی جۆراوجۆریان لە شتەکان بووە. ئەمە نەک لەبەر ئەوەی کە قەت نەبیسراوە کە دوو یەهودی بەتەواوی یەک بۆچونیان لەسەر شتێک ببێت، بەڵکو تەنانەت ناکرێت یەهودێک بدۆزیتەوە کە لەگەڵ خۆیشیدا رێککەوتبێت، چون هەموویان بۆچونی پارچەپارچە کراویان لەسەر هەموو شتێک هەیە، هەموویان "تۆڵستۆی داستۆڤیسکی" ن یان جۆرێک شێعری

تێهەڵکێشن. ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ دواوە بۆ ئەوکاتەی کە یەهودەکان بە ئاشکرا بەرەنگاری خودا خۆیشی دەبوونەوە. جار و بار دەیانویست خودا بکێشنە دادگا. کە دەگەڕێتەوە سەر "سودوم" (Sodom)، ئەگەر لەبیرتان بێت، ئاوا بوو کە ئیبراهیم، ئەو پاتریارکە موقەدەسە و پاپیری یەهودەکان و عەرەبەکان، هەوڵیدا شاری پڕ لە گوناهی سودوم لە غەزەبی خودا رزگار بکات، کاتێ خودا دەویست لە توڕەیدا وێرانی بکات. ئەوکاتە ئەو خەریکی مەعامەڵە لە گەڵ خودا بوو وەک فرۆشیارێکی ئوتومۆبیلی دەستی دوو هەوڵی باش نواندنی دەدا. پەنجا پیاوی باش، چل پیاوی باش، بیست پیاوی باش، دە پیاوی باش. کە ئیبراهیم دەزانێت لە ململانێ لە گەڵ خودا دەدۆرێت، (ئینسان قەت لە ململانێ لەگەڵ خودا براوە نابێت.) سەری بەرەو ئاسمان هەڵدێنێت و ئەم پرسیارە بەجەرگانە (بە زمانی عیبری) دەخاتە بەردەم خودا:
"دادوەری هەموو دونیا نایەوێت ئەوەی کە باشە و حەقە ئەنجامی بدات؟" ئەمەش بەڕاستی کفراویە، ئەمە بەجەرگانەیە کە بە خودا خۆی بڵێیت: تۆ بەرزترین و گەورەترین رەیسیت بەڵام خۆت قانونەکە بەڕێوە نابەیت. تۆ دەبووا سەرچاوەی ئیعتبار و ئوتوریتە بووایەتی، بەڵام ئێستا دەبێت خۆت ئامادە بکەیت کە لە دادگایەکی باڵادا رەوایی بە کردەوەکانت ببەخشیت. داد و عەداڵەت لە تۆ باشترە - چەمکێک کە لە ئاینەکانیتردا بیریشی لێناکرێتەوە. ئەمە تەنیا نمونە نییە. پێغەمبەرەکان لەگەڵ خودا ململانێ و دەلیل

هێنانەوەیان بووە و جاروباریش تاوانباریان کردوە.
بەسەرهاتێک لە "تالمود" دا هەیە کە من زۆرم پێخۆشە، بەسەرهاتی دوو خاخامی ( قەشەی یەهود Rabbi= ) زۆر پیرۆزە، خاخام "یێهوشوا" و خاخام "تارفون"، کە لەسەر بەشێک لە تایبەتمەندییەکانی دادوەر لە قانونی موقەدەسدا، لە تورات ( Tora)، ریکناکەون. هەر دووکیان دەلیل دێننەوە بۆ یەکتر و لەو بەشە نەریتیەیدا کە جێگەی شانازی یەهودە رۆژ و شەو دەلیل دێننەوە، شەو و رۆژ ناخۆن و ناخەون، بەس دەلیل دێننەوە. پاش حەوت شەو حەوت رۆژ خودا خۆی بەزەیی پیاندا دێتەوە. خودا دەزانێت کە ئەوان ئەیانەوێت تا مردن دەلیل بێننەوە. بۆیە خودا دەستی تێوەردەدات، دەنگێک لە ئاسمانەوە، وەحی، دەڵێت: "خاخام یێهوشا راست دەکات، خاخام تارفون هەڵە دەکات، ئێستا ئیتر بخەون." بەڵام بەسەرهاتەکە بەم شێوە کۆتایی نایەت، بەڵکو خاخام تارفون روو دەکاتە ئاسمان و دەڵێت: "ئەی خودای بەتوانای عالەم، تۆ توراتت ناردوە بۆ ئینسانەکان، ئیستاش پیاوەتی بکە و خۆت لەم باس و وتوویژەی ئێمە وەرمەدە." دوای ئەوەش هەورەتریشقەیەک لە ئاسمانەوە نەهات و ئەو کابرای نەدا بە زەویدا و ئاگریش لە ئاسمان نەبارییە خوارەوە! لە کتێبەکەدا هاتوە کە خودا، کە من دەیهێنمە بەرچاوم کە خوا بۆ چرکەیەک واقی وڕ دەمێنێت، وتی: "کوڕەکانم لە منیان بردەوە." پاشان خوا بە جێیان دێڵێت، وەکو بڵێیت کلکی بە نێو لنگیدا دەکات و دەڕوات،

موجادلەکەش لە نێوان ئەو دوو خاخامەدا هەر بەردەوام دەبێت. ئەم نەریتە، ئەم هەبوونی ئەنارشییە، ئەم حەزی باس و دەمەتەقێ، ئاستەنگی رێگای مەدەنییەتی ئێمەیە، کە بە رێکەوت من حەزم لێیەتی. تەنانەت کاتێ کە تەحەمولیشیم پێ ناکرێت، یان ئەوکاتەش کە دەبێتە دژی من، وایە کە هەر حەزم لێیەتی. کە وابوو بۆ دەبێت خۆم وا نەبم؟

ئێستا بۆ ئەوەی کە کەمێ هێڵ بگۆڕین، بەسەرهاتێکی خۆم دەگێڕمەوە، کاتێک کە من لە ئەرتەشی ئیسرائیلدا وەک ئەفسەرێک لە یەکەی تانکدا هەڵبژێردرام، لە شەڕی شەش رۆژەدا لە بەرەی میسر ساڵی 1947دا. من ئەفسەری جێگر بووم و نزیکەی سی ساڵم بوو، وە ئێمە هەموومان ئینسانگەلێک بووین بە پیشە و ئیشی جۆراوجۆرەوە، ئیتر تەنیا سەربازێکی گەنج نەبووین. شەوێک پێش دەتپێکردنی شەڕەکە، هەموومان لەدەوری ئاگرێک کۆ بووبووینەوە و دەمانەویست هەست لێبدەین کە چ رودەدات. کە سەرنجماندا ژنراڵەکە بە هیواشی هاتبووە نێومان. ژنراڵ "تاڵ" فەرماندەی سوپای گشتی بەشی باشوری کاتی شەڕەکەی 67 بوو. هەموو بێدەنگ بووین، ژنراڵ تاڵ دەستیکرد بە قسە کردن لەسەر فکر و بۆچونەکانی لەسەر ئەو شەڕ و پێکدادانەی کە لەڕێدا بوو. هێشتا چەن رستە زیاتر قسەی نەکردبوو کە کەسێکی عەینەک لەچاو، سەرجوخەیەکی خرپنە، زۆر بە ئەدەبەوە قسەکانی پێ بڕی و وتی: "ببورە

ژنڕاڵ، ئێوە قەت کتێبی < شەڕ و ئاشتی> تۆلستۆیتان خوێندوەتەوە؟"

ژنراڵ وتی: "دیارە کە هەمە و چەندین جاریشم خوێندوەتەوە." سەرجوخەکە وتی: "ئاگات لێیە جەنابی ژنڕاڵ، کە ئێوەش خەریکن هەر ئەو هەڵە دووپات دەکەنەوە کە روسەکان بە قەولی تۆلستۆی لە شەڕی "بورودینو" تووشی هاتبوون؟" یەکسەر بەدووای ئەوەدا، باس و گفتوگۆیکی گەورە و بە دەنگی بەرز، لەسەر تۆلستۆی و ستراتێژی، ئەدەبیات، وەرگێڕان و هتد، دەستی پێکرد کە هەموو گوردانەکەی گرتە بەر. هەموویان دەیاننەڕاند بەسەر یەکتردا و بە یەکتریان دەگوت گەوج و نەفام، ژنراڵ و سەرجوخەکەش لەو ناویاندا بوون. لە کۆتاییدا وا دەرکەوت کە سەرجوخەکە مامۆستای ئەدەبیاتی روسیە لە زانکۆی تێل ئاڤیڤ، بەڵام ژنڕاڵەکە خاوەن شەهادەی بەرزی فەلسەفە بوو لە زانکۆی ئورشەلیم، کە بەمانای پلەی بەرزتر بوو. کە وابوو بۆچی من دەلیل نەهێنمەوە و وا نەکەم؟ ئیسرائیلیەکان دەلیل دێننەوە، منیش دەلیل دێنمەوە. لە هەر حاڵێشدا من ئەوەم کە هەموو رۆژێک لەخەو هەڵدەستێ، دەچمە پیاسەیەکی کورت لەو دەشتەدا، کافەیەک لێدەنێم و لەبەردەم مێزی کارەکەمدا دادەنیشم و ئەم پرسیارە لە خۆم دەکەم کە: "بڵێی چ هەستێکم دەبوو ئەگەر من لە جل وبەرگی ئەو ژنەدا دەبووم؟ یان ئەگەر من ئەو کابرا بووایەتم؟ - ئینسان دەبێ چی بکات ئەگەر بیەوێت تەنیا ئەم دیالوگە سادە بنوسێت: بۆ ئەمە

ئینسان دەبێت هەم هەستی وەفاداری بۆیان ببێت ، هەمیش دەبێت غەریزەكانیشیان بناسیت و هەستی پێبكات و غەریزەكانیشی لە گەڵیاندا دابەش بكات.

من پێم وابێت ئەمە دووبارە نوسینەوەیێكە لە د.ە. لاورەنس ( D.H.Lawrence)، كە وتویەتی بۆ ئەوەی ئینسان بتوانێت سەركەوتوبێت لە نوسینی رۆمانێكدا، دەبێت كۆمەڵێک لە دژەكردار و دژەوتار و هەست و بۆچوون بە هەمان ئەندازەش قەناعەت و حەرارەت بگرێتە خۆی و بتوانێت بچێتە دەرون و ژیانی كەسانیترەوە. بۆیە من رەنگە برێک لە كەسانیتر باشتر بم كە بتوانم وەک یەهودێكی ئیسرائیلی لەم جێگای خۆمەوە هەست بە چۆنیەتی حاڵی فەلەستینیەكی بەزۆر دەركراو بكەم، ئەتوانم تێبگەم كە چ هەستێكت دەبێت كە عەرەبێكی فەلەستینی بیت و ماڵ و وڵاتت لە لایەن "بوونەوەرانێكی هەسارەیەكی ترەوە" داگیر كرابێت. چ هەستێكت دەبێت كە ئیسرائیلیێكی نیشتەجێی "قەراخەكانی چۆمی ئوردون" بیت. بەڵێ، من جار و بار خۆم دەخزێنمە پێستی ئینسانێكی ئورتودوكسی توندرەوەوە، یان لانی كەم هەوڵی ئەو كارە ئەدەم. ئەمە وا لە من دەكات كە خۆم بكەمە كارزانێک و دەنگ هەڵێنم و رەخنە بگرم. گەلێک پێش دامەزراندنی رێكخراوەی "ئاشتی ئێستا"، چەند حەوتو پاش سەركەوتنە سرنج راكێشەكەی ئیسرائیل لە شەڕی شەش رۆژەی 1967، من و زیاتر لە بیست كەسێک لە نوسەر و شاعری ئیسرائیلی پێكەوە دەستمان دایە

پاڵپشتیکردن و بەرزکردنەوەی رێگا چارەی دوو دەوڵەتی و دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستین وەک جیرانی ئیسرائیل، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە نەتەوەی ئیسرائیلی هەستی سەرکەوتنی 67 وایانی لێکردبوو کە ئەم کارەی ئێمەیان نەک هەر بەچاوی خەیانەت سەیر دەکرد بەڵکو بە گەوجییەتیێکی تەواویان دەناسی. ئێمە ئەوکاتە ئەوەندە کەم بووین کە دەمانتوانی بە خۆمان و هەموو خەڵکێک کە لەگەڵمان بوو، لە کیوسکێکی تەلەفوندا کۆبونەوە بگرین. بەڵام کاتێ دەچمەوە بۆ دواوە و سەرنجی هەڵوێستەکەم دەدەم، دەبینم کە هەڵوێست و تێگەیشتنم چاولێکەری یان رەنگدانەوەی تێگەیشتن و هەڵوێستێکی تایبەتی لە مێژوودا نییە، یان نزیک نییە لە تێروانین و ئارگومێنتی عەرەبی یان ئیدئولۆژی فەلەستینی. ئەمە رەنگە لەسەر ئەوە وەستابێت کە من بە هۆی تایبەتمەندی ئیشمەوە خووم بەوە گرتوە کە بتوانم خۆم لە جێگەی کەسێکیتر دابنێم، بچمە پێستی ئەویترەوە. ئەمەش بەو مانا نییە کە من هەمیشە حەق بەوان بدەم، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە بتونم شتەکان وا ببینم کە ئەوان دەیبینن.

ئینسان دەبێ چی بکات، کاتێ بوو بە جیرانی ئازار و ناعەداڵەتی و زوڵم و زەبر و زەنگ وعەوامفەریبی شۆڤینیسم و بونیادگەرایی دینی و فەناتیسم، ئەمە یانی بارودۆخێکی تەنگ و دوو رێیانە. ئەگەر ئینسانەکە خاوەن چاوی بینا و گوێی کراوە بێت، کەسێک کە قەڵەمێکی هەیە و ئەتوانێت بەکاری بێنێت، کە وابێت چی ئەکات؟ ئایا وای لێنایەت کە

بلێیت ئەوەتا رێک لە پەنا دەستی منا خوێن دەڕژێت، کاتی ئەوە نییە رۆمان و بەسەرهاتی عاشقانە و فێرکاری، وردەکاری، ئاڵۆزییەکان و شەرحی تاقیکارییەکان بنوسی، ئێستا دەبێت بە گژی بێعەداڵەتیدا بچیت؟ جار و بار خۆیشم وا دەڵێم و هەمیشە خۆم بە جۆرێک خەیانەتکار بە نیسبەت هونەرەکەمەوە دەزانم، خەیانەتکارێک بەرانبەر هەستە دژەیەکەکان و تاریک وروونی وردەکاریەکانەوە. کاتێ کە لەماڵەوە دانیشتوم و سەرقاڵی دۆزینەوە و هەڵسەنگاندنی رستەگەلی جۆراوجۆرم بۆ نوسینی مانایەک یان موشکلە باوەکانی نێو دیالۆگێک، یان دۆزینەوە بارە موسیقاییەکانی رستەکانی نێو رۆمانێک، ئەو کاتە دەنگێکی کز لەدەروونمەوە پێم دەڵێت خائن:"چۆن دەتوانیت؟ ئینسانەکان لە بیست یان پازدە کیلومەتری ئەم شوێنەی کە دانیشتویت و دەنوسیت دەکوژرێن – تۆ چۆن دەتوانیت؟" لە وەها کەش و هەوایەکدا ئینسان چ دەبێت بکات؟ ئینسان هەرچی بکات هەر خاینە. چ خەیانەت بە هونەرەکەی بکات یان بە نیسبەت ئێحساسی وەزیفەی شارۆمەندیەوە. وەڵامی من زۆرتر ئەوەیە: من دەسازم. من زۆر بڕوام بە سازان و رێککەوتنە. من دەزانم کە وشەی "سازش" ناوبانگی خراپی لە ناوەندە ئیدیالیستیەکاندا لە ئوروپا دەرکردوە. سازان بۆگەنە، سازش بێ شەرەفییە.

بەڵام ئەوە لە دونیای مندا وا نییە، لە دونیای مندا "سازان" یانی ژیان. لە شوێنێکیشدا کە ژیان هەیە سازانیش

هەیە. پێچەوانەی سازان نابێتە تەواوێتی یان ئیدئالیزم، نابێتە ئامانجمەندی یان فیداکاری. پێچەوانە و عەکسی سازان دەبێتە فەناتیسم و مردن. من چل و دوو ساڵە کە لەگەڵ ئەم ژنەمدا ژیانی هاوسەری دەبەمە سەر، بۆیە من بڕێک زیاتر لە سازان دەزانم. ئیزنم بدەن کە لێرەدا ئەمەش زیادکەم کە کاتێ من دەڵێم سازان، مەبەستم تەسلیمبوون نییە، ناڵێم کە وەرچەرخە و ئەولایتری گۆنات رووبە دوژمنەکەت یان نەیارەکەت یان هاوسەرەکەت بگرە بۆ لێدان، بەڵکو دەڵێم هەوڵبدە کە لە شوێنێکی نیوەرێدا بەیەک بگەن. ئەوەش بڵێم کە هیچ سازانێک لەگەڵ کامەرانی نییە: سازانی بە کامەرانی خۆی دەبێتە شتێکی دژگۆییانە. تێکەڵاوێک لە دوو دژە. بۆیە من لەگەڵ نوسراوەکانیشما سازش دەکەم: هەر کاتێ کە من تێگەیشتم کە لە سەدا سەد لە گەڵ خۆمدا هاودەنگ و تەبام، لە سەر هەر شتێک کە بێت، ئەوکاتە خۆم دەپارێزم لە نوسینی باسەکە، بەڵکو بە جێگەی ئەوە وتارێکی توڕانە دەنوسم کە تێیدا بە دەوڵەت دەڵێم کە دەبێت چی بکات. جار وباریش داوا لە دەوڵەت دەکەم کە بڕوات و شوێنی گوم بکات. بەڵام بە هەرچ هۆیێک بێت قەت گوێم لێناگرن. سەرەڕای ئەوەی کە من زۆر زۆر بە بەرزی و ئاشکرا پێم وتوون کە بڕۆن بە جەهەنەم، بەڵام هێشتا هەر لە سەر شوێنی خۆیانن. بەڵام لەو حالەتانەدا من لە دەنگێک زیاتر لە سەر هەر پرسێک لە دەرونی خۆمدا دەبیسم و شتەکانیش بە زیاتر لە یەک دەبینم، وە جاروباریش زیاتر لە دوو روانگە، ئەوکاتەیە کە من

تێدەگەم کە ئاوسی بەسەرهاتێکم. هاوکات کە باس لە ئاوس بوونم بە چیرۆک و رۆمان دەکەم دەبێت ئەو ئیعترافەش بکەم کە لانیکەم لە بەسەرهاتی مندا رێژەی لەباربردنەکان و لەبارچوونەکان زیاتر لە لەدایک بوونەکان بووە. بۆیە من سازش دەکەم، من مەقالە دەنوسم و بەسەرهات و چیرۆکیش، بەڵام قەت ئەم دووانە تێکەڵاوی یەک ناکەم. من قەت رۆمان یان بەسەرهاتێکم نەنوسیوە کە هەڵگری پەیامێکی راستەوخۆ و سادەی وەک ئەوەی کە "دەست لە خانودروستکردن هەڵگرن لە شوێنە داگیرکراوەکاندا" یان "دان بە مافی فەلەستینیەکاندا بۆ بەشی رۆژهەلاتی ئورشەلیم بنێن". من قەت رۆمانێک، یان رۆمانێکی رەمزی وەهام نەنوسیوە کە تێدا بمەوێت بە خەڵکەکەم یان دەوڵەتەکەم بڵێم کە ئەمە یان ئەوە ئەنجام بدەن. ئەو جۆرە شتانە جێگایان لە بابەت و مەقالەکانمدایە. ئەگەر پەیامێکی پێوەندیداری سیاسیش لە رۆمانەکانی مندا ببێت، بەشێوەیەک پەیامێکە لەسەر سازشکردن، سازانی ئازاراوی و زەرورەتی هەڵبژاردنی ژیان لە بەرانبەر مردندا، ژیانێک لە ناکامڵیدا لە بەرانبەر مردنێکی شەرافەتماندانە لە بێ عەیبی و کامڵییەتدا. ئەمە سازشی منە، یەکێکە لە هەرە فرە سازانەکانی من. سازانێکی تا ئەو رادە کە دوو قەڵەمم لەسەر مێزی کارەکەم داناوە، دوو پێنوسی سادە و هەرزان. هەر دوو حەوتو جارێک فیشەکدانەکەم دەگۆڕم، بەڵام هەمیشە دوو دانەم هەیە، یەکێک شین و ئەویتر رەش. بۆ ئەوەی کە لە کاتی نوسینەکاندا بیرم

بکەویتەوە کە ئەگەر من خەریکی نوسینی بابەتێکی سیاسیم ئەوە شتێکە وئەگەریش رۆمانێک دەنوسم ئەوە شتێکی ترە. بەم شێوە قەت تێکەڵاویان ناکەم. لە ئیسرائیل خەڵک تەنیا مەقالە و بەیاننامە ناخوێنێتەوە بەڵکو رۆمانیش دەخوێننەوە. خەڵکی ئیسرائیل وەک شەیدا دەخوێننەوە. بە پێی لێکۆڵینەوە و ئاماری یونسکۆ خەڵکی ئیسرائیل زیاتر لە نەتەوەکانیتر، جگە لە ئایسلەندییەکان کە تاو زۆر نابینن، لە کاتی تاوگرتندا دەخوێننەوە. جیاوازی نێوان ئیسرائیلی و ئوروپاییەکان، ئیسرائیلی و خەڵکی ئایسلەند ئەوەیە کە ئیسرائیلیەکان بۆ خۆشی و کات پڕکردنەوە رۆمان ناخوێننەوە. ئیسرائیلی ئەدەبیات بۆ ئیستراحەت و بەرین کردنی ئاسۆی خۆی ناخوێنێتەوە. بەڵکو ئەمان بۆ ئەوە دەخوێننەوە کە تورە و قەڵس بن! دەخوێننەوە بۆ ئەوەی بتوانن نارەزایەتی دژی نوسەرەکە دەربڕن و بۆڵە و دەمەقاڵە بەسەر نوسەرەکە یان شەخسەکانی چیرۆکەکەدا یان هەردووکیاندا بکەن. خاوەن چاپخانەیەکی رەشبینی ئیسرائیلی جارێکیان وتی ئەزانی هۆی ئەوە چییە کە رۆمانەکانی من و هاوکارەکانم زوو لە ئیسرائیل دەفرۆشرێت؟ دەبێت لەبەر ئەوە بێت کە بڕێک لە کڕیارەکان دێن بە جارێک دە جڵد لەو کتێبە دەکڕن لەبەر ئەوەی بتوانن هەمووی لەناوبەرن. شۆفێرتاکسیەکان دێن و جارجار لەگەڵ من، یان باشترە بڵێم لە رێگەی منەوە لەسەر کەسایەتی رۆمانەکە گفتوگۆ و باس دەکەن. ئەوان تەنیا باس لە چۆنیەتی کۆتایی رۆمانەکە ناکەن یان ناڵێن دەبوا بەم شێوە

کۆتایی نەهاتایەت، بەڵکو باس لە شێوەی نوسینی کتێبەکە دەکەن و دەڵێن دەبووا بە جۆرێکی تر بنوسرایەت یان لە ئەساسدا نەدەبووا بنوسرایەت. هەر وەها دەیانەوێت کە من لەبەر حساباتی ئەوان بە کەسایەتیەکانی نێو رۆمانەکە بڵێم کە بۆچونەکانیان مەترسیدارە یان باوەڕەکەیان خەیانەتکارانەیە یان بەو کەسایەتیانە بڵێم کە ئەوان تەنانەت نازانن کە خەڵکی یەهود چی بەسەر هاتووە یان پیان بڵێم کە ئەوان عەرەبەکان ناناسن. "ئەمەیان پێ بڵێ، من خۆم لە وڵاتێکی عەرەبەوە دێم، چاکیان دەناسم". ئەم پەیامە دەبێت من لە لایەن شۆفێرتاکسیەکانەوە ببیەم بۆ کەسایەتی نێو رۆمانەکانم، ئەمە هەر تەنیا لەلایەن ئەوانیشەوە نییە. ئیسرائیل وڵاتێکی وەپێکەنین هێنەر و سەیرە. لە ئیسرائیل زۆر ئاساییە ئەگەر شەوێک سەرۆک وەزیران شاعرێک یان رۆماننوسێک یان دراما نوسێک داوەت بکات بۆ دوای شێو، نەک بۆ شوێنی کارەکەی، بەڵکو بۆ ماڵی خۆی. بە گوێرەی ئەوەی شەخسەکە یان سەرۆک وەزیرەکە کێ بێت، پێکەوە فنجانێک چا یان قاوە بخۆنەوە، لەوانەیە کە سەرۆک وەزیرەکە بڵێت، کە زۆر جار بۆ خۆم رووی داوە و پێمیان وتووە: "عاموس، بۆم بڵێ بزانم چ کەم و کووڕیەک لە وڵاتدا هەیە. پێت وایە ئێمە دەبێت چ بکەین؟" بەم شێوە دەسپێدەکات و بە وردی و بە ستایشەوە گوێ دەگرێت لە وەڵامەکەی من یان هاوکارەکانم. وشە بە وشە پەسەندی دەکات و ستایشیان دەکات و پاشانیش بێ بایەخانە بە تەواوەتی لە بیریان دەباتەوە. بەڵام ئێمە دەبێت

بڕێکیش واقیعگەرا بین- چون تەنانەت پێغەمبەرەکانیش لە زەمانی خۆیاندا سەرکەوتنیان لەم بوارەدا نەبووە، یانی کە دەگەڕێتەوە سەر گۆڕانی بیر و بۆچون، نەیانتوانیوە گۆڕان لە تێگەیشتنی دەسەڵاتداران و شاکان یان خەڵکدا پێک بێنن. ئەمە بڕێک ناواقیع بینانەیە کە ئێمەی نوسەر و شاعیری ئەمڕۆیی چاوەڕوانی ئەوە بکەین کە لە بواری گۆڕانی بۆچونی خەڵک و دەسەڵاتداراندا، بەختمان زیاتر لە پێغەمبەران بێت.

من یەکشەوە نەبوومەتە نوسەر. من هەمیشە وەسفی شتە بچوکەکانم کردوە و بەسەرهاتەکانم نوسیوەتەوە. بەڵام کاتێک کە چوومە کیبوتسێک (Kibbutz)، منیش وەک هەموو ئەوکەسانەی تر لە مەزرایەکی لۆکەدا ئیشم دەکرد بۆ کەسیش گرینگ نەبوو کە من چیرۆک یان شێعر دەنوسم. بگرە ئەم شتە خۆی دەبێتە رێگرێک لە بەر پێدا. نوسەرەکان لە راستیدا دەبێت بڵێین کە مناڵی ئەم گۆی زەویە نین. زۆریش باشە کە ئینسان رووناکبیر بێت، بەڵام ئایا رووناکبیرەکانیش لە راستیدا هەستێکیان تێدایە کە حەزیان لە کاری فیزیکی و ژیانی یەکسان وەک ئەوانیتر ببێت؟ بۆیە کاتێ کە تازە دوو یان سێ نۆڤێلم لە گۆڤارەکاندا بڵاو کرابووەوە، غیرەتم دابەرخۆم و چوومە لای کومیتەی بەرێوەبەری کیبوتس و داوام لێکردن کە رۆژێک لە حەوتودا تەرخان بکەن بۆ نوسراوەکانی من. شتەکەمان دایە بەر باس، جەدەلێکی جدی و خۆش بوو کە بۆچون و تێبینی بەهێزی

تیدا هاتە ئاراوە، هەم بە قازانج و هەم بە دژایەتی. بەشێک وتیان: "ئەم کابرا بەهرەیەکی هونەری بەهێزی هەیە، دەنوسێت، ئەو شتانەش بۆیان هەیە بڵاوبکرێنەوە، ئێمە دەبێت ئاگامان لیی بێت و برێ کاتی پێبدرێت بۆ خۆی." ئەویتر وتی: "نا، نا ئەمە وەهاش سادە نییە. لە کۆمەڵگایەکی سوسیالیستیدا هەمووان دەتوانن خۆیان بکەنە هونەرمەند. ئەمەش لە توانای کومیتەکە بەدەرە کە بتوانێت دیاری بکات کە کێ بەراستی هونەرمەندە و کێ نییە. ئەگەر بێت و هەمووان خۆیان بکەنە هونەرمەند، ئەی وابێ کێ دەبێت لە کێڵگەکان ئیش بکەت؟" پاش گفتوگۆیەکی زۆر هاتنە سەر ئەوەی کە دەنگی بۆ بدەن، لە ئاکامدا بڕیار درا کە یەک رۆژ لە هەفتەدا کار نەکەم و خەریکی ئیشی نوسین بم، وایان دانا کە باقی رۆژەکانیتر زۆرتر و سەختتر ئیش بکەم. وردە وردە رۆمانێک و رۆمانێکی تریشم دایەدەرەوە. داوای رۆژێکی بەتاڵی تریشم کرد، لە ئاکامدا سێ رۆژیان لە حەوتودا تەرخان کرد بۆ خۆم کە بتوانم بنوسم. ئەمە ململانێییەک بوو بۆ داگیرکردنی کات نەک زەوی. بەڵام نوکتەیەکی خۆش لێرەدا رووی دا، کاتێک رۆمانەکان فرۆشران و بوون بە سەرچاوەی داهاتێک بۆ کۆمەڵی کیبوتسەکە، رۆژێک سندوقدارەکە هات و زۆر بە وریایی وتی:"ئەڵێم ئێستا کە کتێبەکانت قازانجدەرن، پێت وا نییە کە بتوانیت ئەو دوو ئەندامە پیرەی کیبوتسەکە کە ماوەیەکە نەخۆشن و ئیتر ناتوانن لە دەرەوە ئیش بکەن، بەکاریان بێنیت لە لای خۆت

دایان بنیت و ئیشیان پێبکەی با بەرهەمەکانت زیاد بکەیت؟"
منیش وەڵامم داوە:"با، ئەمە بە راستی ئیشێکی نێو ماڵە، کەس ناتوانێ لەدەرەوە لەبەر تاودا بیکات. ئێوە ئەتوانن سێ کەس دانێن لە جێگاکەی من با لێرە ئیشەکە بکەن، منیش بنێرنە دەرەوە با مانگاتان بۆ بدۆشم."

من هەمو رۆژێک پێش سەعات شەشی بەیانی دەست دەکەم بە نوسین. جاروبار چەندین سەعات لە ژووری کارەکەمدا دادەنیشم بەڵام تەنیا لاپەرەیەکم بۆ دێتە نوسین، جاری واش هەیە تەنیا چەند رستەم پێدەنوسرێت یان هەر هیچم بۆ نایەت. بەسەر ئەوەشدا هەر دەبێت لێرە دانیشم. من تەنانەت ناتوانم رۆژنامەی بەیانیان بە رێگەی ئیشەکەمەوە بخوێنمەوە، چون شوێنی ئیشەکەم تەنیا یەک قات لە خوارتری ژووری خەوەکەمدایە، چەند پلیکانێک و پاشان من لەوێم. بەڵام ئیتر وەک جاران لەخۆم توڕە نابم کاتێ کە ناتوانم شتێک بنوسم. رۆژانێک هەبوون کە من رقم لەخۆم هەڵدەستا کاتێ کە هەر لە ژوورەکەمدا دادەنیشتم وهیچم بۆ نەدەنوسرا. بەتایبەت کاتێک کە لە کەمپی کیبوتسدا بووم و لەبەیانیەوە تا نیوەڕۆ سێ خەتم دەنوسی و چوارم پاک دەکردەوە، ئەمەش لە خۆیدا یانی ئەوەی کە کاری ئەمڕۆم لە دوێنێ کەمتر بووە. پاشان دەچووم بۆ ژووری خواردنەکەی کیبوتس کە نانی نیوەڕۆ بخۆم، بەڵام تەریق دەبوومەوە کە نان بخۆم. لەو ژوورەدا کەسانێک دانیشتبوون کە کێڵگەیەکی گەورەیان کێڵا بوو، یان سەدان سەر مانگایان دۆشیبوو یان

ڕێگایەکی درێژیان بڕیبوو، ئەوان نانیان دەخوارد و منیش کە لە بەیانییەوە تەنیا چوار خەتم دەنوسی کەچی پێنجم پاکدەکردەوە. ئایا من مافی نان خواردنم هەیە؟ بەڵام داوی تێپەڕبوونی کات عادەتم گرت کە بە چاوێکی دوور لە مەعامەلە و تجارەت بۆ شتەکان بڕوانم: ئەمە ئیشی منە کە هەموو بەیانیەک سەرکەوم، درگاکە بکەمەوە و دانیشم و چاوەڕوانی مشتەریەکان بم. هیچی کە نابێت بکەم. ئەگەر مشتەری هات ئەوە ڕۆژەکەم سەرکەوتوانە بووە. ئەگەریش وا دەرنەچوو، من هەر دەبێت ئیشی خۆم بکەم، دانیشم و چاوەڕێ بم. بەڵام وەهاش نییە کە بڵێم هەر چاوەڕوانی دەکەم، بەڵکو ئەوکاتەش کە نانوسم لە مێشکم دا شتی کە ڕوو دەدات، وەک ئەو کاتانەی کە بچوک بووم و حەزم لە دۆندرمە بوو، هاوکات کە دادەنیشتم و چاوەڕێی تەواو بوونی قسەکانی دایک و بابم بووم. من سەیر ئەکەم، بیر دەکەمەوە و دەچمە فانتازی و خەیاڵ کردنەوە. خۆم دەنێمە جێگەی کەسێک وئەڵێـ م من ئەوم، دەچمە پێستی کەسێکیترەوە. کە واتە من لەسەر شێوە و تەکنیک و سوژە یان لێکچونەکان قسە ناکەم - چون پسپۆڕەکان باشتر لە من لەمانە تێدەگەن. ئەوەی کە من دەمەوێت لەم ڕێگاوە دابەشی بکەم کەمێک لەو بەختەوەریەیە کە لەم نوسینە چڕانەدا جێگەیان بووەتەوە. ئیجباری نووسینی بەسەرهات لە کوێوە دێت و چۆن بەردەوام دەبێت، ئەو زۆرەملییەی کە تەنانەت لە خراپترین کاتەکاندا، کاتگەلێک کە ئازارەکان، پێشداوەرییەکان، تراژیدیەکان و

دۆڕانەکان و شکستەکان لە ژیاندا قەرار دەدەن. ئەم ئیجباری نوسینی بەسەرهاتە چەندە پیر و بەدەر لە زەمانە. من پێم وابێت ئەمە لە لای هەموو ئینسانێک هەیە، نەک هەر لە لای نوسەر، نیاز بە گێڕانەوەی بەسەرهات، نیازی بیر کردنەوە لەوەی کە خۆت لە جێگەی کەسیتر دانیت. ئەوەی کە بچیتە پێستی کەسێکەوە، تەنیا ئەزمونێکی ئەخلاقی نییە، شێوەیەک نییە بۆ سنگفراوانی، تەنیا رێبازێکی باشی سیاسی نییە، بەڵکو- بەڵام ئەمە بە پەرەستاری مەدرەسەکەم نەڵێن- بۆ کۆتایی و دوا وشە دەڵێم کە چێژێکی گەورەشە.

**"وشەکانی کەوچکە چا"**

بۆ تەحەمول و ئاشی.
دژی فەناتیسم و شەڕ

چی ئەکات کەسێک کە ببینێت شوێنێک ئاگری گرتوە و خەریکە ئەسوتێت؟ نوسەری ئیسرائیلی، عاموس عوز دەڵێت: لەوانەیە یەکێک لەم سێ کارەی خوارەوە ئەنجام بدات:

1- بە هەموو توانایەوە لەو شوێنە هەڵدێت و خۆی دوور دەخاتەوە و ئاوڕ لەوانە ناداتەوە کە ناتوانن هەڵێن.
2- نوسراوەیەک ئاراستەی رۆژنامەیەک دەکات و لەوێدا بە تورەییەوە داوای دەست لەکار کێشانەوەی بەرپرسێکی خاوەن دەسەڵات لەم بوارەدا دەکات.
3- یان دەچێت و سەتڵێک ئاو دێنێت و دەیکات بەسەر ئاگرەکەدا. ئەگەر سەتڵی دەست نەکەوێت ئەوە پەرداخێک پڕ دەکات، ئەگەر پەرداخیشی دەست نەکەوێت کەوچکە چایێک دێنێت . هەموو ئینسانێک کەوچکە چایێکی هەیە و ئەگەریش هەمووومان لانی کەم یەک کەوچکی چا ئاو بکەین بەسەر ئاگرەکەدا ئەوە بێگومان دەکوژێتەوە.

ئەمە ئەو شتەیە کە "وشەکانی کەوچکە چا" باسی لێدەکات.
عاموس عوز لە وتووێژێکدا لەگەڵ رۆژنامەی "ئێمە" چۆنییەتی دەرمان کردنی فەناتیک بەم شێوە باس دەکات: " لە رێگەی هیوا بەخشین بەو کەسانەی کە تووشی نائومێدی بووگن، بە کردنەوەی ئاسۆیێکی روون بۆ ئەوانەی کە ئالودەی خەمۆکین و هەست بە هیوا بڕاوی دەکەن."
رۆژنامەی "ئێمە" دەستی داوەتە سازکردنی جۆرە هەرەوەزییێکی هاوبەش لەسەر مەبەستەکەی عاموس عوز، کە ئێمە ئێستا ناومان ناوە- وشەکانی کەوچکەچا - "
ئەم هەرەوەزییە هەموو ساڵێک خەڵات دەداتە ئەوانەی کە بە بۆچون و بیرۆکەکانیان پیشانی دەدەن کە چۆن دەکرێت هەموو ئینسانێک لاسکێک بخاتە سەر خەرمانی بە هێزکردنی تەحەمولەکان و خەبات دژی فەناتیسم.
نزیکەی بیست ساڵ پێش ئیستا ئەم رۆژنامە پرۆژەیەکی نمام چاندنی بە ناوی "ئێمە - جەنگەڵەکە" لە وڵاتانی دەوروبەری دەریاچەی ویکتوریا لە ئافریقا، رێبەری کرد. "ئێمە - جەنگەڵەکە" پارەی لە خوێنەران کۆ دەکردەوە و نمامی لە بیابانەکاندا دەچاند بۆ ئەوەی بەر بە پەرەسەندنی سەحرا بگرێت. ئێستا زۆرتر لە سەد میلێون دار چاندراوە و نزیکەی میلێون و نیوێکیش ئینسان فێری چاندنی دار بووە و هاوکاتیش بوونەتە هۆی چاکتر بوونی کەشوهەوای ژیان لەو شوێنەدا.

ئەمڕۆکە دونیا هەم گۆڕدراوە و هەمیش نەگۆڕاوە. دار هەر وەک جاران پێویستە، بەڵام پرسی گەورەی ئەمڕۆ کە لەم ساڵانەی دواییدا سەری هەڵداوە، پرسی پولاریزە کردن و جەمسەر دروست بوونە لە نێوان بونیادگەرایی و فەناتیسم لە لایەک و تەحەمول و کەڵکپەرەستی و پراگماتیسمیش لە لایەک.

"وشەکانی کەوچکە چا" بۆ زیادکردن و سەر خستنی رادەی تەحەمول و پێکەوە هەڵکردنی ئینسانەکان ساز کراوە. ئەمە بۆ هەموو ئەو ئینسانانەیە کە لەسەر ئەوبڕوان کە دەکرێت گڕی فەناتیسم و بونایدگەرایی بە هاوکاری و هاوبەشی هەمووان کز بکرێت.

"وشەکانی کەوچکە چا" بۆ تۆیە کە ئامادەی یارمەتیدانی بە کەوچکە چاییەکەتەوە.

ئانێلی روگێمەن

سەرنوسەری رۆژنامەی "ئێمە"

**عاموس عوز، ساڵی 1939 لە وڵاتی فەلەستینی ئەوکات دێتە دونیا و لە ئیسرائیل گەورە دەبێت. ئەو یەکێک لە چیرۆک نوسان و گێرەوەرانی گەورەی ئەم سەردەمەیە و هونەرمەندێکی دەقی ئەدەبی و ئینساندۆستێکی ناسراویشە. لە ساڵی 1947وە بە قووڵی لە خەباتی هەوڵ بۆ سازکردنی ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستیندا چالاک بووە و یەکێک لە کەسانی سەرەکی بزوتنەوەی "ئاشتی ئێستا" بووە.**

**نوسراوەکانی عاموس عوز بە سی زمان وەرگێڕاونەتەوە . عاموس چل رۆمان و ژمارەیەکی ئێجگار زۆر بابەتی ئەدەبی و رەخنەییانەی نوسیووە. گەورەترین یان شاهکاری ئەو رۆمانی "بەسەرهاتێک لەسەر ئەوین و تاریکی" ە کە**

**ژیاننامەی خۆیەتی و چەندین خەڵاتی جیهانی بۆ خۆی تەرخان کردوە.**